# تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( هەڵکشان بەرەو لوتکە ) ی ( عەبدوڵڵا سەڕاج ) دا


پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن          د. یاسین ڕەشید حەسەن

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی کوردی


**پێشەکی :**

وەك ئاشکرایە، ڕۆمان وەك ژانرێکی ئەدەبی لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە سەرنجی گەلێك لەنووسەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و خاوەن پانتاییەکی بەرفراوانە و بەهۆیەوە دەتوانرێت ڕۆشنایی بخرێتەسەر زۆربەی بوارەکانی ژیان٠ واتە ڕۆمان لەتوانایدا هەیە وەکو ژانرێکی باڵا و کاریگەر بکرێتە بڵندگۆی گەیاندنی هەست و نەستە ئاشکراو پەنهانییەکانی مرۆڤ بەکۆمەڵگا بەتایبەتیش لەشارەکاندا، چونکە ئەم ژانرە نوێیە بەرهەمی هزر و قۆناغی مۆدێرنەیە و خاوەن دەروازەیەکی کراوەیە بۆ خستنە ڕووی سەرجەم کێشەوگرفتەکانی مرۆڤایەتی بەسەر جەم چین و توێژەکانییەوە٠

بێگومان،ئەم ژانرە هەستیار و کاریگەرەش وایکردووە ، کە ڕۆماننووسەکان لەنێو نەتەوەکانی جیهاندا بەهەند وەریبگرن وبەبایەخەوە کاری لەسەربکەن٠لەوچوارچێوەیەشدا دەبینین، ڕۆماننووسانی کوردیش کەم ، تازۆر هەوڵیانداوە سوود لەو ژانرە نوێیە ژیارییە وەربگرن وەکو کەرەسەیەکی ئەدەبی لەدووتوێی کارو چالاکییەکانیاندا ڕەنگی پێ بدەنەوە و بەهۆیەوە بتوانن سوود لەو ڕووداو و بەسەر هاتانەی نێو کۆمەڵگاکەیان وەربگرن ، جا ڕووداو و بەسەرهاتەکان کۆن بن و لەڕابردوودا ڕوویان دابێت ، یان هەنووکەیی ونوێ بن، یاخود بەرهەم و زادەی خەیاڵ و تێڕوانینی خۆیان بن٠

هەربۆیە، لەسۆنگەی ئەو کاریگەرییەی ژانری ڕۆمانەوە، کەهەیەتی لەسەر هزر و تێڕوانینی ڕۆماننووسانی کورد دا بەپێویستمانزانی ئاوڕێکی زانستیانە لەڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە) ی (عەبدوڵڵا سەڕاج) دا بدەینەوە و لەژێر ڕۆشنایی ناونیشانی توێژینەوەکەماندا شەن و کەوێکی وردی زانستیانە لە ڕەگەزە بەشداربووەکانی بنیاتی نێو ڕۆمانەکە لەهەریەکە لە: (ڕووداو ، کات ، شوێن ، کارەکتەر) بکەین ، کە ڕۆڵیان هەیە لەبنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا٠

**هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە :**

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە وەك پێویست کاری لەسەر نەکراوە٠ لەلایەکی تریشەوە بەلای ئێمەوە خودی ڕۆمانەکە نموونەیەکی سەرکەوتووی ڕۆمانی کوردییە٠

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

بەمەبەستی سوود گەیاندنە بەخوێنەر و خوێندکارانی ئەکادیمیی کوردە لەگەڵ دەرخستنی توانای (عەبدوڵڵا سەڕاج) لەبواری ڕۆماننووسیدا٠

**ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:**

بۆ بەئەنجام گەیاندنی لێكۆڵینەوەكەمان پەنامان بردۆتە بەر بەكارهێنانی ڕێبازی ڕەخنەی شیكاری پراكتیكی، تا بەهۆیەوە بتوانین هەموو ئەو بنەما هونەریانەی، كە لەدووتوێی ڕۆمانەكەدا هەن لێك بدەینەوە و بكۆڵینەوە.

**پێكهاتەی لێكۆڵینەوەكە:**

ئەم لێكۆڵینەوەیە لەپێشەكییەك و دووبەشی سەرەكی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان و كورتەیەك بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێكهاتووە.

لەبەشی یەكەمدا، هەوڵماندا‌وە بەشێوەیەكی تیۆری قسە لەسەر هونەری گێڕانەوە و هەریەكە لە ڕەگەزە بەشداربووەكانی وەكو: (ڕووداو ، كات ، شوێن ، كارەكتەر) بكەین.

لەبەشی دووەمیشدا، خستنەڕووی ئەو ڕەگەزە بەشداربووانەیە لەچۆنیەتی بەشداربوون و ڕەنگدانەوە یان لەبنیاتی ڕۆمانەكەدا بەشێوەیەكی پراكتیكی.

لەكۆتایی لێكۆڵینەوەكەشدا، هەموو ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، كە لەمیانی لێكۆڵینەوەكەدا بە دەستمان هێناون.

**<u>بەشی یەكەم:</u>**

**چەمك و پێناسەی گێڕانەوە**

بەهۆی ئەوەی بابەتی گێڕانەوە، وەكو هونەرێكی گرنگ و بەرچاو و پرۆسەیەكی ئاخاوتن، پێگە و ڕووبەرێكی گەورەی لەژیانی مرۆڤدا داگیركردووە ، دەبینین بۆتە ڕەگەز و بنەمایەكی گەورەی بنیاتی گەلێك لەژانرە ئەدەبی و هونەرییەكان لەنێویشیاندا ژانری ڕۆمان، كە كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆی لەبنیاتیدا هەیە.

بەدیوێكی تردا دەكرێت بڵێین ، بابەتی گێڕانەوە هێندە گرنگە ، كە ((دەچێتە سەرچەندین كاری هونەریی دیكە، كە فۆرمێكی تری گێڕانەوە لەخۆ دەگرن. بۆنموونە : كارە هونەرییەكانی شێوەكاری وەك تابلۆ و پەیكەر، یان فیلمی سینەمایی، گێڕانەوەی زارەكی، مۆسیقا و سیمفۆنیا، مێژوو، بیۆگرافیا، هەروەها وێنەی جوڵاو، تەنانەت پۆستەرەكانی ڕیكلام و پڕوپاگەندەش، چونكەلەهەموو ئەم شێوانەدا چیرۆكێك هەیە و بەرێگەیەكی جیاواز دەگێڕدرێتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا لێكۆڵیاری ئەو بوارە ڕەگەزەكانی گێڕانەوەی تیادەردەهێنێت و شیان دەكاتەوە))﴿١٦ ،٢٠١١، ٢٢٢﴾

وەك دەردەكەوێت، بەهۆی ئەو ڕۆڵە گەورەیەی، كە هونەری گێڕانەوە هەیەتی، وای لێهات ڕەخنەگران و لێكۆڵەران لەبواری ڕەخنەشدا، وەك زاراوەیەكی ئەدەبی و هونەری بەگرنگییەوە لێی بڕوانن و كاری لەسەربكەن. ئەوەش بەومەبەستەی، كە بایەخ بەگێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەكان دەدات لەكات و شوێنی دیاریكراودا((بەئامانجی بەرجەستەكردنی ڕووداو و كێشەو و قەیرانەكان لەجوانترین وێنەدا، یان گێڕانەوەی چەند ڕووداوێكی واقیعی، یاخود ڕووداو گەلێك، كەهیچ پەیوەندییەكیان بە واقیعەوە نییە))﴿١٦ ، ٢٠١١ ، ٢٢٢﴾

لەڕاستیدا، هەموو ئەمانە وایان كردووە گەلێك پێناسە و تێڕوانینی جیاواز لەلایەن ڕەخنەگران ونووسەرانەوە دەربارەی گێڕانەوە بێتەكایەوە. بۆنموونە (جان لۆفین) دەڵێت:- ((گێڕانەوە بریتییە لەهەرپەیڤێك، كە جیهانێك دەگەڕێنێتەوە بۆزەین، كەلەهەردوو ڕەهەندی جیهانی مادی و مەعنەوی یەوە بەجیهانێكی ڕاستیی وەرگیرابێت و دەكەوێتە شوێن و كاتێكی دیاریكراوەوە و زۆربەی كاتیش بەهەڵگەڕاوەیی لەڕێگەی گۆشەنیگای كارەكتەرێك

یان زیاتر پێشکەشدەکرێت))﴿٤، ٢٠٠٩، ٢٣﴾، بەلأم (جیرارجینیت) دەڵێت:- ((گێڕانەوە کردارێکە، وەك هەموو کردارەکانی دیکە دەبێتە یارمەتیدەر و ئامرازێك بۆچنینی پەیوەندی نێوان ئەو بنەما هونەرییانەی، کە دەقەکەی لەسەر دروست دەبێت، چونکە گێڕانەوە وەك بنەمایەکی گرنگ بالأدەست لەدەقی ڕۆماندا سەیری دەکرێت )) ﴿٧، ٢٠١٢، ٣٥﴾ کەواتە بەردی بناغەی پێکهاتەی ڕۆمان گێڕانەوەیە، بۆیە ئەگەر ڕۆمانێك خاوەن گێڕانەوەیەکی سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا نابێتە ڕۆمانێکی سەرکەوتوو.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە پێویستە لەسەر ڕۆماننووس بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا بکات و بەشێوەیەکی زانستیانەش مامەڵە لەگەڵ تەکنیکی گێڕانەوەدا بکات، تا کارێکی باش و سەرکەوتوو بەئەنجام بگەیەنێت، لەهەمان کاتیشدا کاریگەری لەسەر خوێنەریش دروست بکات، وەگەر نا ڕۆماننووس لەکات بەفیڕۆدان زیاتر هیچی بۆ نامێنێتەوە.

بێگومان ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە گێڕانەوە هونەرە. ئەوهونەرەش ڕاستەوخۆپەیوەندی بە توانا و زیرەکی ڕۆماننووسەوە هەیە، تابەشێوەیەکی دروست لەبەکاربردنی ڕەگەزەکانی چێژ و ئەندێشەدا و لەپێناو گواستنەوەی چێژ و هەژانەکانی بابەتی گێڕدراوەوە لێهاتوویی بنوێنێت لەبەرانبەر وەرگر، یان گوێگردا. بەدیوێکی تردا دەکرێت بڵێین گرنگی هونەری گێڕانەوە بەندە بەتوانا و لێهاتوویی گێڕەرەوەوە، کە بتوانێت بەشێوەیەکی هونەرییانە کرۆکی دەقەکە و ڕەگەزە بەشداربووەکانی وەکو (ڕووداو ، کات ، شوێن، کارەکتەر) بخاتەڕوو، کەوا لەخوێنەر (گوێگر) بکات چرکە بەچرکە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و وشە بەوشەی ڕۆمانەکەدا بژی.

**شێوازەکانی گێڕانەوە لەڕۆماندا**

سەبارەت بەشێواز و چۆنیەتی خستنەڕووی شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، هەندێك لەڕەخنەگران و نووسەران پێیان وایە(٣) جۆرە، کە بریتیین لە:-

((١- ڕێی ڕاستەوخۆ، کەنووسەر تیایدا لەدەرەوە وێنە دەگرێ و قسەدەکا.

٢- ڕێی گێڕانەوەی خودی، کە نووسەر بەزمانی قسەکەرەوە ڕووداوەکان تۆماردەکا و خۆی و یەکێك لەکارەکتەرەکانی بەسەرهاتەکە دەکاتە یەك کەس.

٣- شێوەی قەواڵەیی))﴿٥، ١٩٨٥ ، ٨٢﴾

شایانی باسە، هەریەکێکیش لەوشێوازانە تایبەتمەندی و ڕێگای گێڕانەوەی دیاریکراوی خۆی هەیە. بۆنموونە ((لە شێوازی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆدا، حیکایەتخوان لەجۆری (هەموو شتزانە) واتە نووسەر بۆ گێڕانەوەکە ڕاناوی کەسی سەربەخۆی (ئەو) بەکاردێنێ، کە تێیدا حیکایەتخوان ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانە))﴿١٠ ، ٢٠٠٩ ، ٦٥﴾،بەلأم لەشێوازی گێڕانەوەی خودیدا دەبینین حیکایەتخوان لەجۆری (هەمان شتزانە) واتە زیاتر((تیشك دەگێڕێتە ناخی دەروونی کارەکتەر و کەسانی ناوچێرۆك و هەستە شاراوەکان دەردەخات و کارەکتەرەکان خۆیان لەگەڵ خوێنەر دەدوێن و سەربەستییەکی تەواویان هەیە و حیکایەتخوان خودی ئەو کەسەیە، کە لەڕووداوەکاندا بەشدارە، بۆیە ئازادی زیاتر بۆ کارەکتەرەکان دەڕەخسێ))﴿١٠ ، ٢٠٠٩ ، ٦٦– ٦٧﴾ ئەمە جگەلەوەی حیکایەتخوان بەهۆی بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی سەربەخۆی (من) ەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

هەروەها سەبارەت بە شێوازی فەوالەییش ، ئەوەیكە زیاتر لەشێوازی بەكارهێنانی نامەدایە٠ واتە((یەك نامە بۆ چیرۆكی كورت و چەند نامەیەك بۆ چیرۆكی درێژ٠ ئەمەش شێوازی سەرەتایی نووسینی ڕۆمانە٠ گۆڕینەوەی نامەش لەنێوان كارەكتەرەكانی ڕۆماندا، لەلایەك تێكشكاندنی شێوازی ئەدەبی كلاسیكی لێكەوتەوە و لەلایەكی دیكەشەوە نامەكان ڕێگایان بە نووسەر دەدا بۆئەوەی هەست و نەستی خۆی دەربڕێ))﴿١٠ ،٢٠٠٩ ، ٦٧﴾

## ڕەگەزەكانی گێڕانەوە

هەرچەندە نووسینی ژانری ڕۆمان خۆی لە دووتوێی بنیاتی پێكەوەیی كۆمەڵێك ڕەگەزی بەشداربووی وەكو: (ڕووداو ، كات ،شوێن ، كارەكتەر) دا دەبینێتەوە و هەرهەموویان تەواوكەری یەكترن و بەهۆی بەكارهێنانی وردی كەرەسەكانی زمانەوە پێكەوە دەبەسترێنەوە و دەخرێنەڕوو٠ ئەمە جگەلەوەی پێكیشەوە ئەركێكی هونەریش دەگێڕن٠ دەبینین هەریەكێك لەوڕەگەزانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و وێنەیەكن لەواقیع، بەڵام ئەبستراكتن و وابەستەی هاوشێوەی واقیع نین، یاخود شوێنەواریان بەتەواوی لەناو ژیاندا نییە٠

بەدیوێكی تردا دەكرێت بڵێین، سەرجەم ڕەگەزە بەشداربووەكان لەپێناو ئەوەی بابەتێك، یان چەند بابەتێك ڕوون بكەنەوە بنیات دەنرێن٠ هەربۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین تیشك بخەینە سەرهەریەكێك لەو ڕەگەزانە و بەوردی شیان بكەینەوە٠

### ٠١ ڕەگەزی ڕووداو

لەڕاستیدا،بوونی ڕووداو بەیەكێك لەڕەگەزە گرنگەكانی نێو بنیاتی ژانرە ئەدەبی و هونەرییەكان دادەنرێت بەتایبەتیش ڕۆمان، كە تیایدا ((دووئەركی گرنگ لەناو دەقی ڕۆماندا دەگێڕێت: یەكەمیان كاركردنەلەسەر ئاستی گێڕانەوەدا ، دووەمیشیان كاركردنە لەسەر ئاستی ناوەرۆكدا٠ كەواتە گێڕانەوە و ناوەرۆكیش لێك جیاناكرێنەوە و پێكەوە بنیاتی هونەری ڕووداو دادەمەزرێنن))﴿٨ ، ٢٠١٠ ، ٢٢﴾

لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین ، هەركاتێك بمانەوێ بەشێوەیەكی زانستیانە شەنوكەوی هەر دەقێكی ڕۆمان بكەین ، دەبێت هەڵوێستەیەكی ورد لەسەر ڕەگەزی ڕووداو بكەین ، چونكە ((سروشتی پەیوەندییەكانی كەسێتییە جۆراو جۆرەكانی نێو دەقی ڕۆمان لەخۆش ویستن و ڕق لێبوون و شكست خواردن و لەدایكبوون و مردن و بزاوتن و كڕین و فرۆشتن، سەرجەمیان هەڵچوونێك دەخوڵقێنن ، كە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی كۆمەڵێك ڕووداو لەدەقی ڕۆماندا٠ واتە هەموو ئەو كار و كردەوانەی ،كە مرۆڤەكان ئەنجامی دەدەن هەمووی لەپرۆسەیەكدا یەكدەگرنەوە، كە پرۆسەی ڕووداوە و جەمسەرێكی دیاریكراوی هەیە و بەردەوام دووبارە دەبێتەوە))﴿١٢ ، ٢٠٠٩ ، ١٣﴾

بێگومان،بەوەش بەشداری لەڕێڕەوی پرۆسەی گێڕانەوەدا دەكات و لەگەڵ ڕەگەزەكانی تردا بە تایبەتیش (كات) و (شوێن) لەپەیوەندییەكی بەردەوام و پتەودایە٠كەواتە((ڕووداو كۆمەڵێك (واقیعە) ی ڕێك وپێك، یان پەرش وبلاوە لەچوارچێوەی كاتدا٠ئەم (واقیعە) یانەش لەكاتی بەدوایەكدا هاتنیاندا لەچوارچێوەی كاتدا، بەشێوەیەكی دیاریكراو تایبەتمەندی خۆیان وەردەگرن٠ هەروەها كارایی ڕووداو لەپەیوەندی بە كارەكتەرە كانیشەوە دەردەكەوێت، چونكە ئاشكرایە، كە هەر ڕووداوێك لەخۆیەوە ڕوونادات، بەڵكو بۆئەوەی ڕوووبدات و پەرەبسەنێت، پێویستە كارەكتەرێك لەپشتەوە هەبێت و دروستی بكات))﴿٤ ، ٢٠٠٩ ، ٣٩﴾هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی بنیات نانی پەیوەندی ڕووداو بەكارەكتەرەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕۆماننووس لەبنیاتنانی هەر ڕۆمانێكیدا ئازادە لەوەی چ جۆرە ڕووداو و بەسەرهاتێك هەڵدەبژێرێت و دەیكاتە كەرەسەی ڕۆمانەكەی ، هەربۆیە بەڕای زۆربەی

زۆری ڕەخنە گران پێیان وایە، واباشترە بۆئەوەی ڕۆماننووس ڕۆمانێکی زیندوو و کاریگەر بنیات بنێت ، ڕووداو و بەسەرهاتێك هەڵبژێرێت ، کە هەڵگری واتا و چەمکێکی دروست و گونجاو بێت ، تا بەهۆیەوە بتوانێت ((پـەیامێك بـە کۆمەڵگەکـەی ببەخشـێت))(٢ ، ٢٠٠٨ ، ٢٢٣)بۆنموونـە ڕۆمـاننووس دەتوانێـت سـوود لـە ژیـانی کەسایەتییە ناودارەکـانی نێـو کۆمـەڵگا وەربگرێـت و ژیـان و ڕووداوەکانیـان بکاتـە هـەوێنی ڕۆمانەکـەی، یـاخود دەتوانێت ژیان و بەسەرهاتی جووتیارێك ، کرێکارێك ، ٠٠٠ هتد بکاتە هەوێنی بنیاتی ڕۆمانەکەی ، بـەڵام جـاری واش هەیە ڕۆماننووس ڕووداوێك بەخەیاڵ دروست دەکات و دەیکاتە هەوێنی بنیاتی ڕۆمانەکەی٠

بەهەرحاڵ، مەبەست لەڕووداو هەموو ئـەو جـۆرە ڕیزبوونانـە دەگرێتـەوە، کـە ڕووداوەکـانی تێـدا دەردەکـەوێت٠ واتـە وێنـەی بـەدوای یەکـداهاتنی ڕەوتـی ڕووداوەکـان لـە چوارچێوەی کـات وشـوێندا، ئـەوەش بەرەچـاوکردنی بونیادەکانی ڕووداو، کـە لەڕێگـەی گێڕانـەوەوە تـەکنیکی جیـاواز بـەکردەی بەدوایەکداهاتنی ڕووداو دەبەخشـن٠ کەواتە بوونی ڕووداو لەڕۆماندا هەموو ئەو کەرەسـتانە دەگرێتـەوە، کـە((زۆرتـرین دەرکـەوتنیان هەیـەو بـەهۆی ئەو نەسەقانەی لەسەری بنیات نراون ئاڕاستەی ئەو پەیامە دیاری دەکـەن، کـە دەقەکـە ئامانجیـەتی))(١٢ ، ٢٠٠٩ ، ٢٤)

**شێوازەکانی ڕێکخستنی ڕووداو**

سەبارەت بەبنیاتی دەقی ڕۆمـان بەشـێوەیەکی دروسـت، ڕۆمـاننووس بـەهۆی تەکنیکـەکانی (دیمەن،پوختـەکردن، کورتکردنـەوە و لابردنـەوە) دەقێکـی ڕۆمـان ڕێـك دەخـات بەمەبەسـتی ئـەوەی شـێوە و قـاڵبێکی هونـەری پـێ ببەخشێت٠ هەربۆیە ڕێکخستنی ڕەوتی ڕووداوەکان لـە ڕووی گێڕانـەوەوە بەسـەر (٢) شـێوەی بنەڕەتیـدا دابـەش دەکرێن، کە بریتیین لە:-

((- ڕێکخستنی یەکـەم، واتـە ئاسـتی ڕووداو و بەسـەرهاتەکان، وەك ئـەوەی دەگێڕدرێتـەوە، کـە خـاوەن واقیعێکـی کاتیی مێژوویی بێت و ڕەوتی ڕووداوەکان بەدوای یەکتردا بێن٠

- ڕێکخستنی دووەم، ئەم جۆرە ڕێکخستنە خاوەن ڕێکخستنێکی هونەرییە، کە داهێنراوی گێڕەرەوەیە و گێڕەرەوە بۆی هەیە جێگۆڕکێ بە ڕەوتی ڕووداوەکان بکات ))(٢١ ، ١٩٩٠ ، ٧٥)

لێرەدا دەکرێ بڵێین، لەشێوازی یەکەمدا زیاتر ئاڕاستەی ڕووداوەکان کلاسیکییە وبەشێوەی ئاسـۆیی بـەرەو پـێش دەچێت٠ واتە لەڕابردووەوە بۆ ئێستا و بۆ داهاتوو، لە شێوازی دووەمدا ڕۆماننووس ئازادە بەوەی ، کە دەتوانێـت ئاڕاستەی ڕووداوەکان لەنێوان ڕابردوو و ئێستا وداهاتوواپـاش و پـێش پـێ بکـات و بـەپێی پێویسـت هـەرجارەی ئاماژە بەیـەکێك لەکاتـەکان بکـات بـێ ئـەوەی کاریگـەریی نـەرێنی لەسـەر نـاوەرۆکی ڕووداوەکـان دروسـت بکـات٠ لەڕاستیشدا ئەم جۆرە شێوازەیان زیاتر لە ڕۆمانی نوێدا بەرچاودەکەوێت٠

**جۆرەکانی ڕووداو**

وەك ئاشکرایە،هونەری گێڕانـەوە لەڕۆمانـدا پەیوەسـتە بەسـەرجەم ئـەو ڕووداو و بەسـەرهاتانەی، کـە نـاوەرۆکی ڕۆمانی لەسەر بنیات دەنرێت٠ ئەو ڕووداوانەش لەڕووی شێوازی هونەرییەوە بەسەر دوو جۆری جیاوازدا دابەش دەبن:

٠١ **ڕووداوی سـەرەکی**، ئـەو جـۆرە ڕووداوە دەگرێتـەوە، کـە بنچینـەو گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـەی لەسـەردامەزراوە و زۆربـەی تەکنیکـەکانی دەقەکـەی لەسـەر پراکتیـزە دەکرێـت و دەبێتـە بڕبـڕەی پشـتی ڕۆمانەکـە و هـەموو ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانەکەبەمەبەستی گەیاندنی هەموو ئەو پەیامانەی ، کەلە خۆیدا هەڵیگرتوون٠

واتە ڕووداوی سەرەكی ئەو ڕووداوەیە، كە(( ڕەنگدانەوەی بیر و فەلسەفەی ڕۆمانووسەكە دەگرێتەوە و مەبەستێكی تایبەتی خۆی لەپشتەوەیە، كە دەیەوێت گوزارشتی لێ بكات))﴿٨ ، ٢٠١٠ ،٥٩﴾ هەربۆیە دەبێت گێڕانەوە وخستنەڕووی ڕووداوی سەرەكی بەشێوەیەك بێت، كە ڕەنگدانەوەی بیری سەردەم و قۆناغەكە بێت، تا بەهۆیەوە ڕۆمانووس بتوانێت ڕووكارێكی واقیعیانە و سەردەمیانە بەڕۆمانەكە ببەخشێت٠

٢٠ڕووداوی لاوەكی ، هەموو ئەو جۆرە ڕووداوانە دەگرێتەوە،((كە ڕۆمانووس پەنایان بۆ دەبات بۆزیاتر ڕوونكردنەوە و قووڵبوونەوە وشیكردنەوەی ڕووداوە سەرەكییەكان لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەی دەق))﴿٨ ،٢٠١٠ ، ٨٤﴾ ئەمە جگە لەوەی ڕۆمانووس ئازادە لەوەی چۆن باسیان بكات وچەندێك درێژیان بكاتەوە٠ لەلایەكی تریشەوە بوونی ئەم جۆرە ڕووداوە كاریگەرییەكی باش لەسەر بنیات و ڕەوتی ڕووداوی سەرەكی دروستدەكات و دەبێتەهۆی هەمە ڕەنگی و فراوانكردنی بابەتەكانی نێو ڕۆمانەكە٠ لەهەمان كاتیشدا بۆخزمەتكردنی ڕووداوە سەرەكییەكەیە، تا نەبێتەهۆی بێزاركردن و ماندووكردنی خوێنەران٠

هەروەها دەشبێتە هۆی ئەوەی،كەبنیاتی ((ڕۆمانەكە لەڕووی هونەریشەوە زیاتر بەهێزبكات و بەخێرایی ڕووداوەكان بەسەریەكدا تێپەڕ نابن و زوو كۆتاییان پێ نایەت و دەشبێتە هۆی خاوكردنە وەی ڕووداوی سەرەكی))﴿١٥، ٢٠١١، ٢٤﴾

كەواتە گرنگی و هەبوونی ڕووداوی لاوەكی هیچی وای كەمتر نییە لەڕووداوی سەرەكی لەبەرەو پێشبردنی ڕەوتی پرۆسەی گێڕانەوە لە ڕۆماندا٠ هەربۆیە پێویستە ڕۆمانووس بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەردوو جۆری ڕووداوەكەدا بكات و ((بەپێی هەندێك پرەنسیپ و بنەمای لۆجیكی بەیەكەوە ببەسترێنەوە))﴿٢٤، ٢٠١٢، ١٠﴾ و وەكو یەكەیەكی یەكگرتوو دەربكەون ٠

لەكۆتاییدا دەكرێت بڵێین، بوونی ڕووداو لەبنیاتی ڕۆماندا بوونێكی حەتمی گرنگی هەیەو گرنگییەكەشی لەوەدا دەردەكەوێت، كە هیچ ڕۆمانێك بەبێ بوونی ڕەگەزی ڕووداو بەرهەم نایەت٠ بەدیوێكی تردا دەكرێت بڵێین دەقی ڕۆمان كاتیك فۆرمی دەبێت، كە وێنەی ڕووداوێكی تەواودەگرێت ، ئەو ڕووداوەش سەرەتا و ناوەڕاست و كۆتایی هەیە ، هەروەكو چۆن پەیوەندییەكی بەردەوام و ئۆرگانی لەپێكەوە بەستنەوەی سەرجەم ئەندامانی جەستەدا هەیە٠

## ٢٠ ڕەگەزی كات

لەڕاستیدا، كات ڕەگەزێكی گرنگی بنیاتی دەقی ڕۆمانە،((چونكە گێڕانەوە بەبێ كات بەرهەم نایەت))﴿٤، ٢٠٠٩، ٨٣﴾ تەنانەت هەندێكیش لەڕەخنەگران پێیان وایە((كات خودی ڕۆمانە))﴿١٩، ١٩٨٥، ٣٤﴾ واتە قسەكردن لەسەر بنیاتی ڕۆمان بەبێ ئاوڕدانەوە و بەهەندوەرگرتنی ڕەگەزی كات مانای نییە وهیچ دەقێكی ڕۆمان بەبێ كات بنیات نانرێت و ناكرێت ڕۆمان لەكات داببڕدرێت، هەربۆیە كات وەكو فەزایەكی هونەری ڕۆڵی لەپێكەوە بەستنەوەی سەرجەم ڕەگەزەكانی تری ڕۆماندا هەیە٠ بۆ نموونە ڕوودانی هەر ڕووداوێك پەیوەستە بەكاتێكی دیاریكراوەوە، كە تیایدا ڕوویداوە٠لەوچوارچێوەیەشدا، ڕووداوەكانی ڕۆمان بەشێوەیەكی یەك بەدوای یەكیدا ڕوودەدەن٠

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە ڕەگەزی كات وەكو چەق(ناوەند) ی بازنەیەك وایە بەدەوری ڕووداو و كارەكتەرەكاندا دەسوڕێتەوە و ڕۆڵ و گرنگیان دیاری دەكات٠ كەواتە سەبارەت بە پێناسە وگرنگی كات لەبنیاتی ڕۆماندا دەكرێت بڵێین بریتییە((لەو كاتە ڕێژەییەی ،كە چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەكان و جووڵانەوەی

کەسێتییەکان لە ئێستا و ڕابردوو و ئاییندەدا بەگوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێکستەکە ڕێك دەخات و بەگونجاوترین شێوە گوزارشت لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و فیکری ئەوان لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەکات و فەلسەفەی ژیانیان لەسەرەتاوە تا کۆتایی ڕووداوەکان پیشان دەدات))﴿١٣، ٢٠٠٤، ٥٤﴾

بەدیوێکی تردا دەکرێت بڵێین،((زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەرەو پێشچوونانەی ، کەلەهونەری ڕۆماندا بەرچاو دەکەون ، لەبنەڕەتدا بەستراونەتەوە بەو بەرەو پێشچوونانەی ، کە لەدووتوێی ڕەگەزی کاتدا ڕوویانداوە))﴿٢٣، ١٩٨٧، ٥٦﴾ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەبینین بەردەوام ((کات لەناو دەقدا لەجووڵەدایە لەڕابردوو بۆ ئێستا، لەئێستاوە بۆ ئاییندە٠ تەنانەت بەپێی دابەشکردنی (دیکارت) یش ،کات بوونێکی کرۆنۆلۆجی هەیە٠ واتە نووسەر بەپێی بۆچوون و بیر و هەستی خۆی مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکات، لای زۆریشیان گرنگترین جۆری کات کاتی ئێستایە، کەبوونی تێدا بەرجەستە دەکرێت))﴿٨، ٢٠٠٨، ٥٧﴾، بەڵام هەرچۆنێکیش بێت سەرجەم کاتەکانی نێو ڕۆمان بەپێی سیستەمێك کاردەکەن و ڕێکخراون٠

**ـ جۆرەکانی (کات) لە ڕۆماندا**

ئەوەی ئاشکرایە، سەبارەت بەهەبوونی ڕەگەزی کات لەنێو دەقی ڕۆماندا بەپێی تێڕوانینی ڕەخنەگران (٢) جۆرە کات هەیە، کە بریتیین لە:-

((٠١ کاتی حەکایەت، ئەو کاتانە دەگرێتەوە، کە دەبێت ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی تێدا لەدایك بووبێت٠ هەروەها مۆرکی گێڕانەوەیەکی مێژوویشی هەیە و لەشێوەی چەند زنجیرەیەکی بەدوای یەکدا هاتووە و لەهێڵێکی ڕاستدا لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و ئاییندە دەچێت و ناگەڕێتە دواوە٠

٠٢ کاتی گێڕانەوە، ئەوکاتەیە، کە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی پێ گێڕدراوەتەوە٠ ئەمە جگەلەوەی لەم جۆرە کاتەدا خەسڵەتی پچڕان و لێك دابڕان و بازدان و گەڕانەوە و پێشخەری تێدا دەردەکەوێ و نووسەری ڕۆمان دەتوانێت بەگوێرەی دابەشکردنی زنجیرەکانی گێڕانەوەکە پاش و پێشیان تێدابکات))﴿١٣،٢٠٠٤، ٥٥﴾

شایانی باسە، سەبارەت بەهەبوون و ڕەنگدانەوەی ئەو دوو جۆرە کاتە لەبنیاتی ڕۆماندا، هەندێك لە ڕەخنەگران پێیان وایە، کە ((کاتی ڕۆمان (حەکایەت) هەمیشە پێش کاتی گێڕانەوە دەکەوێت٠ واتە ئەگەر کاتی ڕۆمان نەبێت کاتی گێڕانەوەش نابێت))﴿٤، ٢٠٠٩، ٨٤﴾ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کە کاتی حەکایەت سەرچاوەیە بۆ دروستبوونی کاتی گێڕانەوە٠ واتە کاتی گێڕانەوە لەکاتی ڕۆمانەوە سەرچاوەی گرتووە٠ لەوچوارچێوەیەشدا، کاتی گێڕانەوە لەکاتێکدا دەست پێدەکات ، کەهەموو ڕوودا وەکانی حیکایەت ڕوویانداوە و بەسەرچوون و بوونەتە کاتی ڕابردوو، بەڵام زۆرجار لەگێڕانەوەدا کات دەبێتە ئێستا٠ بەوەش گێڕەرەوە لەڕێگەی کۆمەڵێك دەستەواژەوە دەتوانێت کاریگەری لەسەر خوێنەر(گوێگر) دروست بکات و وایان لێ بکات لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا تێکەڵ بن و واهەست بکەن، کە ڕووداوەکان لەئێستادا ڕوودەدەن٠

بێگومان ،لێرەشدا ڕۆڵی ڕۆماننووسمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئازادە لەوەی چۆن ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە٠ واتە بەئارەزووی خۆی چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی پێ ئەنجام دەدات٠ بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانێت سوود لەجیاوازی نێوان هەردوو جۆری کاتی حەکایەت و کاتی گێڕانەوە وەربگرێت٠

لەکۆتاییدا ، دەکرێت بڵێین هەبوونی کات خاوەن بوونێکی حەتمییە و بواری فەرامۆشکردنی نییە و ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕۆماندا، هەربۆیە دەبێت ڕۆماننووسیش بە وریایی و جدییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات ، تا والە خوێنەر(گوێگر) بکات ، کە ئەو ڕۆمانە ڕاستەقینەیە٠

**٠٣ڕەگەزی شوێن**

بەهۆی ئەوەی شوێن خاوەن پێگەیەکی مەزنە لەژیانی مرۆڤدا، دەبینین مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو بەگرنگییەوە تەماشای کردووە و بایەخی پێداوە٠ واتە لەو ساتە وەختەوە، کە مرۆڤ خۆی لەسەر ئەم زەوییە بینیوەتەوە، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوام هەوڵیداوە پەیوەندییەکی لەبار و دروست لەگەڵ ئەو شوێنەدا دروست بکات ،کە تێیدا دەژی٠ هەربۆیە زۆرجار مرۆڤ بەو شوێنە ناسراوە ، کە تێیدا دەژی ٠ بێگومان، ئەوەش گرنگی شوێن دەخاتە ڕوو٠

بەدیوێکی تردا دەکرێت بڵێین،شوێن ئەو بوونەیە ، نەك بەتەنها مرۆڤی تێدا دەژی،بەڵکو سەرجەم زیندەوەرەکانی تریش لەخۆ دەگرێت و تێیدا دەژین، جائیدی ئەو شوێنە ئاسمان بێت، یان دەریا، یاخود زەوی بێت٠ لەڕاستیشدا ، شوێن بەهەمان ئەو پێودانگ و گرنگییەوە بۆتە هۆی ئەوەی ، کە نووسەران و شاعیران و زانایانیش بەهەند لێی بڕوانن و پانتاییەکی فراوانتر لە هەبوونە جوگرافیاکەی خۆی وەربگرێت،چونکە شوێن ((خاوەنی ناسنامە و هەڵگری دەلالەت و دەسەڵات و سیستەم و کەش و ڕەهەند و سروشتی خۆیەت))﴿٩، ٢٠٠٩، ٢٤﴾،بەلام لەگەڵ ئەوەشدا چۆنیەتی سوود وەرگرتن و ڕەنگدانەوەی ڕەگەز و چەمکی شوێن لە بنیاتی دەقدا لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر دەگۆڕێت،چونکەپەیوەستە بەئاستی هوشیاری و توانای نووسەرەوە، کە تاچەندێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت ٠

بێگومان، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ، کە شوێن ئەو پانتاییەیە سەرجەم ڕووداو و بەسەرهات وکات و کەسەکان و ڕەگەزەکانی تر لەخۆ دەگرێت ٠ بۆنموونە هەندێك لە ڕەخنەگران پێیان وایە،کە ((جوانتر وایە نووسەر شوێنەکە ڕاستەوخۆ وەك ئەوەی لەواقیعدا هەیە وەری نەگرێت، بەڵکو هەرچۆنێك بێت تێهەڵکێشیەك بکات لەگەڵ ئەندێشەی خۆیدا ،چونکە بەکارهێنانی شوێن بەوشێوە ڕووتە کارێکی خراپ دەکاتەسەر لایەنێکی گرنگی هەر کارێکی ئەدەبی))﴿٢، ٢٠٠٨،٦٧﴾ کەواتە مەرج نییە بەکارهێنانی شوێن لە بنیاتی دەقدا، شوێنێکی ڕاستەقینەیی بێت و لە واقیعەوە وەرگیرابێت، بەڵکو نووسەر دەتوانێت لەهزری خۆیدا وێنەی شوێنێك دروست بکات، بەو مەرجەی هەموو پەیوەندییەکانی لێك بداتەوە٠

کەواتە،شوێنی ناو ڕۆمان ((بەهەمان شێوەی ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکە نووسەر دەی ئافرێنێت، وەکو شانۆیەك بۆ ئەوەی کەسێتی لەسەر بخاتە جووڵە٠ ئەمە جگەلەوەی شوێنی ناو ڕۆمان دەقاو دەق لەشوێنی ڕاستەقینە ناچێت ،بەڵکو خەیاڵی ڕۆماننووس بەرهەمی دەهێنێت))﴿٦، ٢٠١٣، ١٥٢﴾

لەڕاستیدا، هەمووئەوانە ئەوەمان پێ دەڵێن، کەڕەگەزی شوێن بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوە لەبنیاتی ڕۆمان و بەبێ ئەو هیچ شتێك ڕوونادات، بەپشت گوێ خستنیشی کەلێن لەنێو بنیاتی دەقدا دروست دەکات ٠ لەلایەکی تریشەوە دەبینین ،شوێن زەمینەی سەرهەڵدانی ڕووداوە و خۆی لەخۆیدا جۆرە تایبەتمەندییەك بەڕووداو دەبەخشێت ، کە وەك دوانەیەکی لێك دانەبڕاو وان ٠ ئەمە جگەلەوەی هۆکارێکیشە بۆ دیاریکردنی کەسێتییەکانیش، چونکە بەهۆی شوێنەوە دەتوانرێت جۆری ئەو کەسایەتییە لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و جەستەییەوە شی بکرێتەوە ٠

کەواتە،هەربەرهەمێکی ئەدەبی ئەگەر تێیدا ڕەگەزی شوێن فەرامۆش بکرێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدات و هیچ جۆرە کاریگەرییەکیش لەسەر هزری خوێنەر(گوێگر) دروست ناکات٠ ئەمەش بەو مانایە دێت، کە((گرنگی و وەسفی شوێن و کەس و شتەکان هیچیان کەمتر نییە لەگێڕانەوەی ڕووداو

و کردارەکان))﴿١٧، ٢٠٠١، ١٨٤﴾ تەنانەت ((ڕەنگە گەلێگجاریش ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو بێت لە بوونی دەقەکەدا))﴿١٨، ١٩٩٠، ٣٣﴾

لێرەشدا، دەگەینە ئەوەی بڵێین ((شوێن لە ڕۆماندا هەڵبژاردنە، هەڵبـژاردنیش زمانە، مانایە، هزرە، مەبەستە، هەموو شوێنێك شوێنی کار نییە، بینایەکی دەرەکی بینراو نییە، تەنیا دیاریکردنی مەوداکانی درێژی و پانی و بەرزی نییە، سروشت و هەڵەت و جوگرافیا نییە، بەڵکو تـوخمێکی چالاکی بینای هونەرییە لەڕێی پراکتیکی وشیارانەی هونەرمەندەوە نوێ دەبێتەوە، قەوارەیەکە لەکاری بگۆڕ، مێژوویەکی لەخۆگرتووە، مەوداکانی بەمێژووی پرشنگدار و تاریك مەزراوە))﴿١١،٢٠١١، ٤٦﴾

لەکۆتاییدا ،دەکرێت بڵێین ڕەگەزی شوێن لەڕۆماندا خاوەن گۆشە نیگایەکی مادییە بۆ بنیاتنانی جەستەی ڕۆمان، کە بەهۆیەوە سەرجەم جەمسەرەکانی دیکەی ڕۆمان کۆدەکاتەوە و بەیەکیان دەگەیەنێ لە قاڵبێکی هونەریدا، بەڵام هەرچۆنێك بێت و بەهەر شێوەیەك بێت، بوونی ڕەگەزی شوێن شوێنێکی واقیعی دەرەکی نییە ، بەڵکو سەرچاوەکەی خەیاڵە و ڕۆماننووس بەخەیاڵی خۆی و بەپێی پێویستی بنیاتی ڕۆمانەکە دروستی دەکات لەڕێی سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی کەرەستەکانی زمانەوە٠ واتە ئەو شوێنە باو و تەقلیدییە نییە، کە مرۆڤ و زیندەوەران لەسەری دەژین ، بەڵام ئەوەی هەیە ڕۆماننووس دەتوانێت سوود لە ناو و شوێنی واقیعی وەربگرێت بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی بنیاتی دەقەکەی ٠

**جۆرەکانی (شوێن) لەڕۆماندا**

سەبارەت بەهەبوون و ڕەنگدانەوەی ڕەگەزی شوێن لەبنیاتی دەقی ڕۆماندا، دەبینین شارەزایان و ڕەخنەگران بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیان بەناوی گەلێك شوێنی هەمەجۆر و جیاواز کردووە، لەوانەش وەکو:-

٠١ شوێنی واقیعی ، ئەو شوێنەیە، کە هاوچەشنی شوێنی ڕاستەقینە وێنەیەکی تایبەت و دیاریکراوی لەسەر زەوی هەیە و((دەتوانرێت ببینرێت و بسەلمێنرێت، جێگەی دیاریکراوی بدۆزرێتەوە، بەڵام ناتوانرێت بوترێت وێنەیەکی دەقاودەقی شوێنی ڕاستەقینەیە، چونکە شوێنی دەق شوێنێکی خەیاڵییە وجیاوازە لەشوێنی واقیعی ))﴿٣، ٢٠١١، ٧٩﴾

٠٢ شوێنی خەیاڵی،((ئەو شوێنانەن، کە بوونی ڕاستەقینەیان لەسەر زەویدا نییە، ناتوانرێت ببینرێت بوونیان بسەلمێنرێت، یان دەست لەسەر بوونی ڕاستەقینەیان دابنرێت٠ وێنەیەکی زەینییە و سەرچاوەکەی خەیاڵە٠کات و شوێنی واقیعی نییە))﴿٣، ٢٠١١، ٩١﴾

٠٣ شوێنی هۆگر ،((ئەو شوێنەیە، کە مرۆڤ تیایدا ژیاوە و پێی هۆگر و ئاشنابووە، تیایدا هەستی بەسۆز و گەرموگوڕی و ئارامی و دڵنیایی کردووە٠ هەستەکانی و پێویستییە گیانییەکانی لەو شوێنەدا تێربووە وهۆگری خۆشی و ناخۆشی و کەموکوڕییەکانی ئەو ژینگەیە بووە، ڕایەڵەی یادگارییەکانی پێوە بەستراوە))﴿٣، ٢٠١١، ١٠٤﴾

٠٤شوێنی ناهۆگر، ئەو شوێنانەن، کە((مرۆڤ هەست بەهیچ هۆگرییەك ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەست بەدوژمنداری دەکات٠ئەم جۆرە شوێنانەش یا مرۆڤ بەناچاری تیایاندا دەژی وەکو(بەندیخانە، دوورخراوگەکان)، یانیش مەترسی مردنیان تێدا دەبینێتەوە ،وەکو (بیابان) ٠))﴿٩، ٢٠٠٩، ٤٦﴾ بەڵام هەندێکی تر لەڕەخنەگران تەواو دژی ئەو جۆرە بۆچوونەن و پێیان وایە شوێنی ناهۆگر (٢) جۆرە ، کە بریتیین لە:-

١-((ئەو شوێنانەی، کە کارەکتەر تیایاندا نەژیاوە و پێیان هۆگر و ئاشنا نەبووە و تیایاندا هەست بە نامۆیی و نائارامی دەکات بەهۆی دوورکەوتنەوە لە ماڵ و ژینگەی بنەڕەتی ، لە شوێنی تری نوێدا دەژی، ئنجا چ بەشێوەی کاتی بێت، یان بەبەردەوامی بێت٠

ب-((شوێنی دژبەر، ئەو شوێنانەن، کە کارەکتەر بەرامبەریان هەست بە ڕق و کینە و دوژمنایەتی دەکات، یان هەست بەمەترسی ئازار و ئەشکەنجەدان دەکات))﴿٣، ٢٠١١، ١١٥﴾

٠٥ شوێنی کراوە،((بریتییە لە شوێنە دەرەکییەکان، کە لەڕووی بەکارهێنانیانەوە تایبەت نین بەکەسێك، یان کۆمەڵە کەسێك، بەڵکو بەڕووی هەموو کەسێکدا کراوەن، بۆیە هەموو کەسێك دەتوانێت بەکاریان بهێنێت و بەئارەزووی خۆیان تیایاندا بێن و بچن، شێوەیەکی گشتییان هەیە، وەك (کۆڵان، گەڕەك، شەقام ،گوند، شار، مزگەوت،چایخانە،حەمام، دامودەزگا و فەرمانگەکان ٠٠٠تد، کە ئەمانە دەستکردی مرۆڤن))﴿٣، ٢٠١١، ١٢٥﴾

٠٦ شوێنی داخراو،((ئەو شوێنانەیە، کە لەڕووی بەکارهێنانیەوە تایبەتن بەکەسێك، یان کۆمەڵە کەسێك، بەڕووی خەڵکیدا داخراوە، هەموو کەسێك ناتوانێت بەکاری بهێنێت، شێوەیەکی تایبەتی هەیە وەك(ماڵ، ژوور، کێڵگە، زیندان، ٠٠٠تد)٠ ))﴿٣، ٢٠١١، ١٣١﴾

لەکۆتاییدا، دەکرێت بڵێین لەگەڵ ئەوەی شوێن ڕەگەزێکی گرنگی نێو بنیاتی دەقی ڕۆمانە، کە بەهۆیەوە ڕۆمانووس تەلاری ڕۆمانەکەی لەسەر بنیات دەنێت٠ لەهەمان کاتیشدا خاوەن بەهایەکی هونەری و ئیستاتیکیی بەرزیشی هەیە و پەیوەندی بەهەموو ڕەگەزەکانی تری وەکو(کات ، کارەکتەر، ڕووداو) ەوە هەیە،بەتایبەتیش (کات) ، کەهەندێك لەڕەخنەگران پێکەوە ئاماژەی پێدەکەن و لەیەکتریان جیاناکەنەوە٠ هەروەها پەیوەندیشی بە کارەکتەرەوە هەیە، کە کارەکتەر تێیدا دەژین و هەڵسوکەوتی تێدەکەن و دەجووڵێنەوە٠ ئەمە جگەلەوەی بوونی شوێن بەستراوەتەوە بە بوونی ڕووداوەوە ، چونکە ڕوودانی هەر ڕووداوێك پێویستی بە شوێنێك ، یان زیاتر هەیە٠

**٠٤ کارەکتەر**

شایانی باسە، بوونی کارەکتەر لەهەردەقێکی (چیرۆك، ڕۆمان، دراما،٠٠٠) دا پێویستییەکی حەتمییە و دەبێت هەبێت، چونکە هیچ کام لەو جۆرە دەقانەبنیات نانرێت، گەر کارەکتەر نەبێت٠ بەدیوێکی تردا دەکرێت بڵێین کارەکتەر ئەو بوونەوەرە دروستکراوەیە، کە نووسەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بنیاتی دەنێت و دەیخاتە نێو ڕووداوەکانەوە ٠ بە واتایەکی تر کارەکتەر لە بنیاتی دەقدا وەکو ئەندامی سەری مرۆڤ وایە و دەقەکەش وەکو جەستە، بۆیە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت بێ سەر بژێت٠ کەواتە هیچ ڕۆمانێکیش ناتوانێت بەبێ کارەکتەر بنیات بنرێت و درێژە بەبوونی بدات٠

بۆئەو مەبەستەش زۆربەی ڕەخنەگران لەگەڵ ئەوەدان، کە کارەکتەر بە گرنگترین ڕەگەزی نێو بنیاتی ڕۆمان دادەنێن((چونکە وێنای ژیانی کەسانی ئاسایی دەکات، کە بەهۆیەوە خوێنەر بەشداری خولیاو ئارەزوو و خەم و ویستە نهێنی و شاراوەکانیان دەبێت))﴿٢٠، ١٩٨٦، ٦٧﴾ نەك هەرئەوەندە، تەنانەت هەندێك لە ڕۆمانووسان کارەکتەر وەکو کارتێك بەکاردەهێنن((تا مەرامی هونەری و هزری خۆیانی پێ بهێننە دی))﴿١، ٢٠١٢، ١١٨﴾ ئەوەش بەو مەبەستەی ڕۆمانووس دەیەوێت وێنای جیهانێکی تر بکات، کە پێیەکی لە واقیع و پێیەکی تری لە جیهاندایە و بەخەیاڵ گوزارشتی لێدەکرێت، چونکە دواجار چ ئەو جیهانە و ڕووداوەکان و چ ئەو کارەکتەر و خەسڵەتەکانی جگە لە بوونێکی وەهمی هیچی تر نین٠ لەگەڵ ئەوەشدا((توانای نووسەر لەوەدایە، کە ئەم

بوونەوەرە کاغەزییانە بەجۆرێك بئافرێنێت هاوخەمی خوێنەری بۆدەستەبەر بکات وبۆ ناسین و خۆشویستنی بیری بخاتەکار، هەرچەندە دەشزانێت ئەمە هیچ پێگەیەکی لەو ژیانە ڕەسەنەی دەرەوەدا نییە ،کە ئێمە تیایدا دەژین))﴿١، ٢٠١٢، ١١٩﴾

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت،کە کارەکتەر لەنێو هەر دەقێکی چیرۆکیدا وێنەیەکی دیکەی ئەو کەسانە دەکێشێت، کە لەژیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و دەیانبینێت و هەڵس و کەوت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، یاخود بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهۆی سەرنج و تێبینییەکانی خۆیەوە وەریان دەگرێت، یان ناڕاستەوخۆ بەهۆی کەسێکی دیکەوە وەریان دەگرێت ، یان هەندێکجار ناڕاستەوخۆ زانیاریان لەسەر وەردەگرێت٠

لەوچوارچێوەیەشدا، گەر تەماشای هەردەقێکی ڕۆمان بکەین، دەبینین کارەکتەر وەك هەر ڕەگەزێکی تری نێو بنیاتی ڕۆمان پانتاییەکی بەرفراوانی داگیرکردووە و بناغەیە بۆ ڕۆمان و لەڕاستیشدا ڕۆمان وەك پێداویستییەکی هەنووکەیی بۆگوزارشت کردن لەکارەکتەر هاتۆتە ئاراوە٠تەنانەت بوونی کارەکتەر ((پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەجۆری ڕاناو و گۆشە نیگای بەکارهاتووەوە هەیە))﴿٢٥، ٢٠٠٦، ٧٩٧﴾

بێگومان،جۆری ڕاناوە بەکارهاتووەکانیش (٢) جۆرن،کە بریتیین لە(ئەو) و (م ، من)٠ سەبارەت بەکار هێنانی ڕناوی (ئەو) لەکاتێکدا دەبێت،کە((حیکایەتخوان بەشێوەیەکی بابەتی و لەدەرەوەی چوارچێوەی ڕووداوەکانەوە بێت و باس لە ڕووداوەکانی ناو دەقەکە بکات))﴿٢٢، ٢٠٠٨، ٥٩﴾،بەلاّم بەکارهێنانی ڕاناوی (من ، م) لەکاتێکدا دەبێت،کە ((نووسەر دەرفەت بەپاڵەوانی چیرۆکەکەی بدات لەڕێی بەکارهێنانی جێناوی قسەکەرەوە دەربارەی خۆی بدوێت٠ واتە حیکایەتخوان، کارەکتەرێکە لەناو دەقەکەدا و لەڕێی جێناوی (من ، م) ی کەسی یەکەم و لەڕوانگەی گۆشە نیگای خودیەوە دەربارەی ڕووداوەکان دەدوێت)) ﴿٢٢، ٢٠٠٨، ٥٩﴾

لەڕاستیدا، هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن، کە کارەکتەر کاریگەرییەکی سەرەکی هەیە لەپرۆسەی گێڕانەوەدا، چونکە لەڕێی ئەوەوە ڕەوتی ڕووداوەکان دەخرێنە ڕوو٠ بەوەش ڕووداوەکان گەشە دەکەن و بەرەو پێشەوە دەچن٠

**جۆرەکانی کارەکتەر**

لەگەڵ ئەوەی کارەکتەر لەهەر ڕۆمانێکدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەهەمان کاتیشدا پەیوەندی تەواوی بەسەرجەم ڕەگەزەکانی تریشەوە هەیە٠ تەنانەت گۆڕان و مانەوە و هەستکردن بە بوونیشیان لەڕێی کارەکتەرەوە سەرچاوە دەگرێت٠ لەو ڕووەشەوە بوونی کارەکتەر بەپێی ئامادەبوونی لە دووتوێی ڕووداوەکانەوە دەکرێت بە(٢) جۆری سەرەکییەوە، کەبریتیین لە (کارەکتەری سەرەکی) و (کارەکتەری لاوەکی)٠

بێگومان ، هەریەکێکیش لەو جۆرانەی کارەکتەر((بەپێی گۆڕانی ژیان و پەیدابوونی کەسایەتی جۆراوجۆر لەناو دەقی ئەدەبیدا جۆرەکانی کارەکتەر دەگۆڕێت، بەلاّم مەرج نییە هەموو جۆرەکانی کارەکتەر لەناو دەقێکی ئەدەبیدا ببینرێن، یان ئاساییە ئەگەر جۆرێك لەجۆرەکانی کارەکتەر، یان زیاتر لە جۆرێکیش لەناو دەقەکەدا ببینرێن))﴿١٠، ٢٠٠٩، ١٧٤﴾

**٠١ کارەکتەری سەرەکی**

لەڕاستیدا،ئەم جۆرە کارەکتەرە((ناوەندی ڕۆمان پێك دەهێنێ و کاردەکاتەسەر ڕێڕەوی ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتە کانی کاردەکاتەسەر ژیانی کارەکتەرەکانی دیکە و بەمەش ڕەوتی سەرەکی بەسەرهاتەکان بەرەو پێش دەچن٠ تەنانەت قەیرانەکانی ژیانی ئەو لە ژیانی کارەکتەرە لاوەکییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و هەندێ جاریش شێوەی چارەنووسی ئەوان دادەڕێژێت))﴿١٤، ٢٠٠٩، ٤٣﴾ نەك هەرئەوەندە، بەڵکو بوونی کارەکتەری سەرەکی لەهەر ڕۆمانێکدا((ئەرکی هەڵسوڕاندنی ڕووداوەکان و بەشداری ڕاستەو خۆیان لە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا دەکەوێتەسەر))﴿١٠، ٢٠٠٩، ١٧٤﴾

کەواتە بەهۆی ئەو پێگە سەرەکییەی، کە ئەم جۆرە کارەکتەرە هەیەتی ،دەبینین گەلێکجاریش بەگوێرەی هەڵس وکەوتەکانییەوە لە توانایدایە کۆتایی ڕێڕەوی ڕووداوەکانیش دیاری بکات٠ ئەمە جگەلەوەی هەر لەگەڵ دەسپێکی ڕووداوەکانەوە دەردەکەوێت و بە کۆتایی هاتنی ڕووداوەکانیش ئەمیش کۆتایی پێ دێت٠

**٠٢ کارەکتەری لاوەکی**

شایانی باسە،لەگەڵ بوونی کارەکتەری سەرەکیدا لەناو زۆربەی ڕۆمانەکاندا جۆرە کارەکتەرێکی دیکە بەرچاو دەکەون ،کە ڕۆڵی لاوەکی دەگێڕن، بەلاّم ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕۆماننووس بەبێ بایەخ و ئەرزش تەماشایان دەکات، نەخێر، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەم جۆرە کارەکتەرانە بەپێی پێویست و ڕەوتی ڕووداوەکان دەردەکەون٠ واتە وەکو هێزێکی یارمەتیدەر بۆ برەودانی زیاتری کارەکتەرە سەرەکییەکان دێنە ئاراوە٠

بەواتایەکی دیکە((هەرچی کارەکتەرە لاوەکییەکانن لەخزمەت کارەکتەرە سەرەکییەکاندا دەبن و ڕۆشنا یی زیاتر دەخەنە سەر ژیان و ڕرفتار وهەڵوێستەکانی ئەوان)) ﴿١٠، ٢٠٠٩، ١٧٤﴾ ،بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەم جۆرە کارەکتەرانە لەناو ڕۆماندا((ڕۆڵێکی گرنگ لە دەرخستن و ڕوونکردنەوەی کەسایەتی و هەڵوێست و ئەدگارەکانی کارەکتەرە سەرەکییەکاندا دەگێڕن، کەچی هەندێکجاریش هەڵوێستێکی پێچەوانەی کارەکتەری سەرەکی پێ دەدرێت بۆئەوەی بەبەراورد لەنێوان هەر دوو هەڵوێستەکەدا زیاتر هەڵوێستی کارەکتەری سەرەکی ڕوون ببێتەوە))﴿١٤، ٢٠٠٩، ٥٦﴾ تەنانەت هەندێکجاری دیکەش ئەم جۆرە کارەکتەرانە ڕۆڵی ئەوە دەبینن،کە چۆنیەتی بیرکردنەوە وباری دەروونی کارەکتەرە سەرەکییەکان و جۆری پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر و دەورو بەریشدا ڕوون بکەنەوە٠

**<u>بەشی دووەم :</u>**

**ڕەگەزەکانی گێڕانەوە لەڕووی پراکتیکی وشیکارییەوە لە ڕۆمانەکەدا**

**٠١ ڕەگەزی ڕووداو**

لەگەڵ ئەوەی ڕووداو ،وەکو ڕەگەزێکی گرنگی نێو بنیاتی دەقی ڕۆمان پەیوەندییەکی بەهێزی گێڕانەوەوە هەیە و هیچی کەمتر نییە لەڕەگەزەکانی دیکەی نێو بنیاتی ڕۆماندا، بۆیە دەبینین ڕۆماننووس بەمەبەستی پێشکەشکردنی ڕۆمانێکی هونەری سەرکەوتوو تەکنیکێکی نوێی بۆ دابەش بوونی کۆی گشتی ڕۆمانەکەی ڕەچاوکردووە و لە(١٢) بەشی سەرەکی بنیات نراوە و هەربەشێکیش لەچەند ئەڵقەیەکی زنجیرەیی پێکهاتووە و بەشێوەیەکی گونجاو یەکدی تەواودەکەن٠

ئەوەتا گێڕەرەوە لەمیانی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا ،لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا ڕووداوەکانی ڕێکخستووە و لەڕێی کارەکتەرەوە دەیانخاتەڕوو٠جالەو ڕووەشەوە و لەدووتوێی ئەو کێوماڵ و بەدوادا چوونەماندا بەنێو بنیاتی

ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە) دا،دەبینین ڕۆمانووس بەشێوەیەکی هونەریانە توانیویەتی سوود لەهەر دوو جۆری ڕووداوی(سەرەکی) و (لاوەکی) وەربگرێت و هەریەکەیان بەپێی چۆنیەتی و پێویستی بنیاتی دەقەکە بەکاربهێنێت و پێکەوە وەکو زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو بەیەکیانەوە ببەستێتەوە .

لەڕاستیدا، هەموو ئەمانەش تواناو لێهاتوویی ڕۆمانووس دەردەخەن، کە بەشێوەیەکی هونەری سوودی لەتەکنیکی نوێی ڕۆمان وەرگرتووە و بنیاتی دەقەکەی پێ داڕشتووە و والەخوێنەر(گوێگر) دەکات بەپەرۆشەوە لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە هەڵبدەنەوە و بەدوای ڕەوتی ڕووداوەکاندا بچن و نهێنییەکانی ڕووداوەکانیان بۆ ئاشکرابببێت. هەربۆیە ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە کە کەرەسەی گرنگی نێورۆمانەکە بەشێوەیەکی گشتی و سەرەکی باس لەژیان و هەست و نەستی خێزانێکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردی شاری کەرکوک دەکات لەسالأنی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا بەتایبەتیش سالی ١٩٤٦ ، کە ڕژێمی فەرمانڕەوایەتی لەو سەردەمەدا و لەعێراقدا ڕژێمی پاشا یەتی بووە و خەڵکیش بەدەست بێدادی و نادادپەروەرییەوە گیریان خواردبوو.

بەواتایەکی دی دەکرێت بڵێین، ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی مێژوویی واقیعییە و باس لە سەردەمێکی دیاری کراوی مێژوویی دەکات بەتایبەتیش لەشاری کەرکوکدا.لەوچوارچێوەیەشدا دەبینین تەواوی ڕوودا وەکان لەڕابردوودا ڕوویانداوە وبەسەرچوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کەکاتی حیکایەت چەندین سالٚ پێش کاتی گێڕانەوە کەوتووە و بەرهە مەکە لەسالی ١٩٨٩ دا لەلایەن ڕۆمانووسەوە چاپکراوە و بلأوکراوەتەوە. ئەمەجگەلەوەی گێڕەرەوە خاوەن کەسێتییەکی هەموو شتزانە و لە گێڕانەوەی زۆربەی ڕووداوەکاندا بەرچاو دەکەوێت و ئاگادارە پێیان، ئەو کارەکتەرەش (تۆفیق) ی قالە هەرزانی یە و بەهۆی سوود وەرگرتن وبەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی سەربەخۆی(من) ەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

هەربۆیە بەمەبەستی زیاتر تیشك خستنەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە هەوڵماندراوە بەشێوەیەکی زانستیانە ڕەوتی ڕووداوەکان بخەینە ڕوو. بۆئەو مەبەستەش سەرەتا لەگێڕانەوەی ڕووداوە سەرەکییەکەوە دەست پێدەکەین ، کە ناوەندی بنیاتنانی پەیکەری ڕۆمانەکەیە و ڕووداوە لاوەکییەکانی دیکەش بەمەبەستی زیاتر بەهێزکردنی پەیکەری ڕۆمانەکە بەدەوری ڕووداوە سەرەکییەکەدا خوول دەخۆن و زیاتر گەشەی پێدەدەن.

ئەوەتا ڕۆمانووس لەسەر زاری (تۆفیق) ەوە ، کە گێڕەرەوە و کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و کرێکار و کاسبێکی کوردی شاری کەرکوکە و دانیشتووی گەڕەکی (ئیمام قاسم) ە ،کە گەڕەکێکی کوردنشینە و بەم شێوەیە سەرەداوی ڕووداوە سەرەکییەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە هەروەکو دەڵێت:- ((هەرچەندە منیش کرێکارم و ئێستاکە لای حەمە شین چاوەشم))﴿١١، ١٩٨٩، ٢٨﴾ ،بەلأم کرێکارێکی بەهەڵوێست و شۆڕشگێڕ ،چونکە خۆی لەنێو بنەماڵەیەکی کرێکار و زەحمەتکێشی شۆڕشگێڕدا بینیوەتەوە و ئەوەش بۆتە ماکی گیانفیدایی و قوربانیدان ودەیەوێت لەو ڕێگەیەوە سەربەرزانە داکۆکی لە کرێکاران و زەحمەتکێشان بکات وخزمەتی ولأتەکەشی بکات، بەلأم مخابن باوکی لە ڕووداوی (گاورباخی) دا لەسەردەمی ئینگلیزەکاندا لەسەرهەڵوێستەکانی و ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم و نا داد پەروەریدا گیانی دەبەخشێت . ئەمەش وادەکات (تۆفیق) بۆ شێوازی گیان لەدەستدانی باوکی پرسیار لەدایکی دەکات((دایە،سالی چەند بوو باوکم ئەمری خوای بەجێ هێنا؟ ))﴿١١، ١٩٨٩، ٣٤﴾ دایکیشی بەم شێوەیە وەلأمی دەداتەوە و دەڵێت:- ((من سەرم لەسالٚ و مالٚ دەرناچێ، بەلأم ئەوە دەزانم، کە لەپاش شەڕەکەی قۆمپانیای ئینگرێزەکان فنیش کراو دەستی دایە نەوت فرۆشتن،هەتا ڕۆژێك بووە قوربانی

حازری ٠ مەبەستی دایکم لە مانگرتنە بەناوبانگەکەی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت بوو لە گاورباخی))﴿١١، ١٩٨٩، ٣٤﴾

ئیدی بەوشێوەیە گێڕەرەوە لەسەر گێڕانەوەی ڕووداوی گاورباخی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:- ((لەدانیشتوانی ئەم شارەم بیستبوو، کەلەدوانزەی تەمووزی هەزارونۆسەد و چل و شەشدا، کرێکاران پاش ئەوەی مەزبەتەیەکی نارەزا پیان دایە کاربەدەستە ئینگلیزەکان، وەرەکشاپ وستۆر وجێ ئیشە کانیان بەجێ هێلا٠ یەکەمین ڕۆژ لە(تالم تەپە) گەنم گردیان کرد٠ بۆ ڕۆژی دووایش لەژێر دارە زەیتوونەکانی گاورباخیدا کۆمەڵ بوونەوە٠ ئەوانەی سەرپەرشتی مانگرتنەکەیان دەکرد، گیانی خۆڕاگرتن و نەبەزینیان لای کرێکاران دەبزواند٠٠٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٣٥﴾

بێگومان،کوشتن و گرتنی کرێکاران دەبێتەهۆی ئەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان بەردەوام بێت و ڕق و کینەی زیاتریش لای کرێکاران و هاوڵاتیان دروست ببێت و گیانی تۆڵە سەندنەوە و قوربانیدانیش بڵێسە بدات، بەلأم مخابن زۆرجار هۆی سەرنەکەوتنی خەباتی کرێکاران و شۆڕشگێڕان ، کە سەرکەوتوو نابێت کێشەی ناوخۆ و خیانەتی ناوخۆیە، کەدوژمنان بەئاسانی سوودی لێ وەردەگرن و بۆ مەرامی خۆیان بەکاریان دەهێنن ٠ئەوەتا (تۆفیق) بەمەبەستی زیاتر تیشك خستنەسەرڕەوتی ڕووداوەکان و تێگەیشتن لێیان پەنا دەباتە بەر هاوڕێیەکی باوکی، کە ناوی (سەی وەلی) یە و ئەویش بەم شێوەیە سەرگوزشتەی بەشێك لە ڕووداو و خۆپیشاندانەکان دەگێڕێتەوە ،کەچۆن کرێکار هەبووە لەسەرەوە لەگەڵ کرێکاران بووە و لەژێریشەوە خائین و خۆفرۆش بووە هەروەکو دەڵێت : ((لەو مانگرتنەدا یوسف حەننایەکمان لێ ڕاست بۆوە و خۆی بەسەرپەرشتکار دانا، هەر دەتگوت پارچە ئاگرە٠ نوتقی دەدا و لەبان بەرزاییە کەوە،کرێکارانی دەهەژاند،پاشان مەرئەو یوسفە لەژێرەوە دەستی لەگەڵ مستەر گرین داتێکەڵ کرد)) ﴿١١، ١٩٨٩، ١٣٩﴾

مخابن ،ئەو حاڵەتە و دەیان حاڵەتی تری لەوشێوە دووفاقییە کاریگەری خراپ دروستدەکات، بۆیە لەئەنجام یشدا دەبینین ڕەوتی ڕووداوەکان بەپێچەوانەی ئارەزووی کرێکاران وخۆپیشاندەرانەوە دەبێت ،بەلأم لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا و بەدرێژایی مێژوو ڕەوتی خەبات هەربەردەوام بووە و خەباتگێڕان کۆڵنەدەرانە بەردەوامیان بە شۆڕش و خەباتی ڕەوای خۆیان داوە٠

لەڕاستیدا(تۆفیق) یش یەکێکە لەو کرێکارە خەباتگێڕ و کۆڵنەدەرانە، بێگوێدانە ساردی و گەرمی ڕۆژگار لەگەڵ هاوڕێکانیدا درێژە بەخەبات و کۆڵنەدان دەدات و دەیەوێت خێزان و خوشك و براکانی بەسەربەزی بژێنێ ، هەربۆیە بەناچاری واز لەخوێندن دەهێنێت و ڕوودەکاتە کار و کاسپی هەروەکو دەڵێت:- ((هەرمردنی باوکیشم بووە هۆی ئەوەی، کە پاش بڕینی پۆلی سێیەمی ناوەندی لە قوتابخانە دابڕێم و ڕوو لەبازاڕ و کاربکەم ٠ خۆت بگرە شاگردی

نانەوایی، خۆت بگرە کرێکاری قوڕ و گەچ و چیمەنتۆ، خۆت بگرە بێکاریی و جادە پێوان، خۆت بگرە شووشە فرۆشی سەر عەرەبانەی گەڕۆك و ململانێ لەگەڵ ستەم و نەبوونیدا٠ هەتا ڕۆژێك دەروویەکم لێ والأ بوو، لەلای حەمەشینی فۆنتەراتگر دامەزرام بە چاووشی کرێکاران))﴿١١، ١٩٨٩، ٣٥-٣٦﴾

دوای ئەوەی (تۆفیق) واز لە پرۆسەی خوێندن دەهێنێت و دەبێتە کرێکار، ماوەیەکی زۆر لای وەستا (حەمەشین) کاردەکات، بەلأم یەکێك لەخەسڵەتی (تۆفیق) ئەوەیە،کەبەردەوام ڕقی لەکاری خراپ و گەندەڵییە، بۆیە هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە،کە((مرۆڤ دەبێ گشت وزە و توانایەکی بۆ ڕیشەکێش کردنی ناهەمواری بخاتەکار٠

بەردەبارانی کردەوەی گەن و ناپەسەند و دزێو بکات، کە دەبنە هۆی نا ئاسوودەیی و خەوزڕاندن))﴿١١، ١٩٨٩، ٤٩﴾ ،کەچی بەداخەوە وەستا(حەمەشین) بەو شێوەیە نییە و بەپێچەوانەوە کەسێکی خراپ و گەندەڵکارە و گەلێکجاریش دزی و گزی لەکرێکارەکان دەکات، بۆیە ئەم حاڵەتە لای (تۆفیق) جێگای قبوڵ کردن نابێ و زۆر نێگەران دەبێت، تاکار دەگاتە ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوی یەکتری ببنەوە وکێشە و ناکۆکی بکەوێتە نێوانیانەوە. هەروەکو (تۆفیق) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت:- ((کرێکارەکان گشت چاویان لێبوو، ئەو ڕۆژە خۆم پێ نەگیراو کەوتمە وێزەی حەمە شینەوە.پەنجەی شایەتمانم لەڕوویا ڕاوەشاند. پێشان ئەو بڕوای بەچاوەکانی نەکرد، هاتە پێشەوە. بەگەنجەفەیەکەوە نەرمەی گوێی گرتم.

- تۆ! کەس نا ... تۆ!!

- ئا...من. بوویتە ئەو دەمڕاستەی لە ڕووما بگرمێنی؟

- بەڵێ .))﴿١١، ١٩٨٩، ٥٠﴾

ئیدی مخابن،ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی (تۆفیق) لەگەڵ وەستاکەیدا دەبێتە هۆی ئەوەی لە کارەکەی دوور بخرێتەوە .((- بۆ دەرەوە هەی هەیهەی. هەی کوڕی قالە نەوتفرۆش ... ئەوەندەم زانی بەپاڵە پەستۆ و تەکان ، بەرەو چەقی جادەکە ڕایان ماڵیم))﴿١١، ١٩٨٩، ٥٢﴾

ئیدی (تۆفیق) بەناچاری پەنا دەباتە بەر شت فرۆشتن ((هەفتەیەك پاش دەرکردنم، هەندێ پارە و پوولم پێوەنا لەحەفتانەکەی نەوزاد و فرۆشتنی کەلوپەلی ناو ماڵ و دەسەقەرزی مام عەلی، کە لەکۆشکی خانووەکەی دادەنیشتین ... بەو پارەیەی ،کە پێکەوەم نا، دەستم کرد بە ئاڵو وێری سەرپێی. بووکۆکەی منداڵانەم دەفرۆشت، شانە و جامەکی کیژان، ئەلبوومی هەرزەکاران، درندەی پلاستیك و هەر شتێکی تر))﴿١١، ١٩٨٩، ٥٤﴾

شایانی باسە،(تۆفیق) ناو بەناویش سەری ماڵی خاڵی دەدا، کەناوی (باپیر) بوو، لەمیانی ئەو سەردانانەیدا جارێك برادەرێك لە ماڵی خاڵی دەبێت بەناوی (ئەوڕەحمان) ەوە ،کە پیاوێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرە و کاتب نفوسیشە، ئیدی بەهۆی ئەو یەکترناسینەوە (تۆفیق) پەیوەندی لەگەڵدا دەبەستێت و هاوڕێیەتی دەکات.((ناوبەناو سەرم لە خاڵۆم (باپیر) دەدا. ئاڵەوێ (ئەوڕەحمان) م ناسی... ڕوخسار و دیمانەی چووە دڵمەوە. کەڵەگەتێکی گەنم ڕەنگی سمێڵ قەوی بوو. خاڵم گوتی:

- کاك ئەوڕەحمان ، ئەمە تۆفیقی خوشکەزامە.

- خوا ڕاوەستاوی بکات ..))﴿١١، ١٩٨٩، ٥٥﴾

لەڕاستیدا ئەو یەکتر ناسینەی (تۆفیق) لەگەڵ (ئەوڕەحمان) ی کاتب نفوس ، بووە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر (تۆفیق) بەجێ بهێڵێت . هەروەکو (تۆفیق) دەڵێت:- (( ئەو شەوە هەتا درەنگانێك پێکەوە بووین و هەر دەهات ئەوڕەحمان و من لەیەکدی نزیك دەبووینەوە، بە تایبەت بۆچوونەکانی ئەو دەقاودەق لە مێشکی منیشدا، بەهەمان باردا دەکەوتنەوە لەبارەی زۆر ڕوواڵەت و تەنگوچەڵەمەی ناوشار.))﴿١١، ١٩٨٩، ٥٦﴾

ئیدی بەو شێوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندی نێوان (تۆفیق) و(ئەوڕەحمان) ڕوو لەزیادبوون دەکات و پێکەوە گفتوگۆی زۆر ورد دەکەن((هاوڕێتیم لێل ئەوڕەحمانا پەرەی سەند و بووە گیانی بەگیانی. ڕۆژێك لەیادمە پێم ووت:کاك ئەوڕەحمان ، ڕۆژگار دەریایەکی شێت و هارە.زۆربە لەگێژەنگەکانیدا لوول دەدات و ڕاپێچیان دەکات. بڕێکیش دەگەیەنێتە کەنارێکی کش و هێمن))﴿١١، ١٩٨٩، ٥٩﴾ ،بەلام مخابن، ئەو پەیوەندییە تاسەرنابێت ولەپڕ

ڕۆژێك(تۆفیق)هەواڵی گرتنی (ئەوڕەحمان)ی هاوڕێی دەبیستێت ((ئاسمان خۆڵەمێشی یە!بۆئێوارەكەی گرتنی ئەوڕەحمان پەردەی گوێمی لەراندەوە))«١١، ١٩٨٩، ٦٠»

لەڕاستیدا، گرتنی (ئەوڕەحمان) كاریگەرییەكی خراپ دەكاتەسەر دەروون و جەستەی (تۆفیق) و بەتەواوی شپرزەی دەكات، بەڵام (تۆفیق) بە ورەیەكی بەرزەوە درێژە بە ڕێبازەكەی دەدات،بۆیە نەك هەرئەوەندە، بەڵكو بەگرتن و بێ سەرو شوێن كردنی دەیان كەسی دیكەی وەكو (ئەوڕەحمان) و هاوڕێكانی ،هێندەی دیكە وا لە (تۆفیق) دەكات بە پەرۆشەوە باوەش بۆ خەبات و گیانفیدایی بكاتەوە، كە ئەوەش لە خەسڵەتی كەسانی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەیە٠ ئەوەتا (تۆفیق) هەربەوەندە ناوەستێ ،بەڵكو ئامۆژگاری (خاتە) ی ژنی دەكات، كە دەبێت زۆر ئازایانا بەر پەرچی دوژمن بداتەوە، ئەگەر هاتە سەریان٠ ئەوەش لەكاتێكدا، كە دەیەوێت ماوەیەك خۆی ون بكات و بچێتە نێو خزمەكانی((خاتە گیان، پێش ئەوەی دەستت لێ بكەنەوە دەبێ تۆ دەست بوەشێنی ٠٠ دەمەوێ ماوەیەك لەبەرچاو نەبم٠ چاك وایە بەناو خزمانا سوڕێك بخۆمەوە))«١١، ١٩٨٩، ٧١»

ئیدی بەو شێوەیە،وەك دەبینین ڕەوتی ڕووداوە سەرەكییەكە بەردەوامتر دەبێت و(تۆفیق) یش پاش ئەوەی ماوەیەك ماڵەوە بەجێ دەهێڵێت و لەنێو خزمەكانیدا دەمێنێتەوە ،ئینجا دەگەڕێتەوە و بە(سالار) ی كۆنە هاوڕێی منداڵی شاد دەبێتەوە،كە لەكۆمپانیای (كات CAT) كاردەكات، لەگەڵ ئەودا لەكۆمپانیای ناوبراو بەچەند پلەیەكی وەزیفی جیاواز دادەمەزرێت٠((بەسانایی لە كۆمپانیای (كات) دامەزرام لەنێوان كەركوك و قەرەهەنجیر٠پێشان بە كرێكاری لە نشێوە بەناوبانگەكەی (كەر تڕێنە) دا، دوایی ناونووس كردنی كرێكارانیان پێ سپاردم))«١١، ١٩٨٩، ٨٣»،بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا(تۆفیق) وەكو كەسێكی شۆڕشگێڕ، بەردەوام لەخەیاڵی ئەوەدایە درێژە بەخەبات بدات،بۆیەلەڕۆژی ١٤/ گەلاوێژ/١٩٥٨ داخەڵكی عێراق بەگشتی و خەڵكی كەركوكیش بەتایبەتی بەجۆرەها شێوازی جیاواز دروشمی شۆڕشگێڕی و نارەزایەتیان لەدژی نیزامی پاشایەتی بەرزەكردەوە وهاواریان دەكرد ((خەڵكی جوون جوون ڕژانە ناو كۆڵان و سەرشەقامەكان و هاواریان دەكرد بڕوخێ ئیستیعمار و گۆڕبەگۆڕ چێت نوری سەعید و دەستە و دایەرەكەی٠ كرێكاران بە جودا ، جوتیاران بەجودا، قوتابیان، ژنان، پیشەساز و فەرمانبەران هەموو ڕۆژێ، پیشەیان بووە دروشم هەڵگرتن و قیڕاندن٠ یەكێ دەیوت : (ئەمڕۆ چواردەی گەلاوێژە)،ئەوانەی پاشەوەی وەڵامیان دەدایەو(ئیستعمارگێژو وێژە)٠دەیوتەوە (چیتان ئەوێ میللەتی كورد؟) وەڵام دەدرایەوە(ئیعدامی خائینان دەست و برد)٠))«١١، ١٩٨٩، ١٩٥»

وەك دەبینین ، بەوشێوەیە ڕەوتی ڕووداوەكان بەرەو هەڵكشانی زیاتر دەڕوات و بەردەوامی زیاتر بەخۆوە دەبینێت، بەوەش هێندەی تەوەری ڕووداوەكان تەشەنە دەكات و ڕووداو و بەسەرهاتی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت٠

ئەوەتا دوای ڕاپەڕین وخۆپیشاندانی جەماوەر لە ماوەیەكی كورتدا حوكمی پاشایەتی لەناودەچێت، بەڵام مخابن ،دەسەڵات و حوكمی نوێش لەعێراقدا ، بەتایبەتیش بەرانبەر دۆزی ڕەوای كورد هیچ شتێكی نوێیان پێ نابێت بۆ چارەسەركردنی ،بۆیە دەبینین ڕۆژ بەڕۆژ كێشە و ڕووداوەكان زیاتر بارگرژی بە خۆوە دەبینێت٠ لەبەرانبەریشدا و بۆ داكۆكیكردن لە دۆزی ڕەوای كورد شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٦١ دێتە ئاراوە و دەبێتە پەناگەیەك بۆ نیشتمان پەروەران و شۆڕشگێڕانی كورد و زۆرێك لەخەڵكانی نیشتمانپەروەر پەیوەندی دەكەن بەشۆڕشەوە، لەنێویشیاندا (تۆفیق) و (سالار) و(حەمەسور) بەپەرۆشەوە پەیوەندی دەكەن بەشۆڕشەوە و دەبنە پێشمەرگە((پاییزی ساڵی هەزار و نۆسەد وشەست و یەك، سەرماو سۆڵەیەكی لە وزە بەدەر و بەترەف

سەرانسەری ئەم هەرێمانەی گرتەوە٠ بەتایبەتی زۆزان و ناوچە بەرزەکان بوونە بەستەڵەك و مەڵبەندی کرێوە و زریان و زەمهەریر٠٠٠ لەم ڕۆژانەدا سێ کەس لە کۆشی خێزانەکانیان دوور کەوتبوونەوە٠حەمسور نەی ویست ببێتە کوتەك و لەشەوێکی ئەنگوستە چاودا لەگەڵ نازەی ژنیدا،پۆشاك و کاسە و کەویلیان پێژایەوە و ڕوویان کردە ماڵی باوکی نازە لەو بنار شاخانە٠ سالاریش وەکو تنۆکێك ئاو هەڵچوو٠٠٠منیش زەنگی کاروان ڕایکێشام و بوومە تەتەری نێوان دێهاتی ئەو نسار و تەلان و زەبەنگانە٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٢١٤-٢١٥﴾

دیارە، پێداویستی و کاری پێشمەرگانە هەندێکجار وا دەخوازێت، کە برادەر و هاوڕێنانی پێشمەرگە لەیەکدی جیابکاتەوە و بەپێی پێویست هەریەکەیان بۆ شوێنێك بنێرێت٠ ئەوەتا دوای ماوەیەك لەدابڕان و دوورکەوتنەوە لەیەکدی ،جارێکی ترو بەرێکەوت بەهۆی کاری پێشمەرگانەوە (تۆفیق) و(سالار) بەیەکدی شاد دەبنەوە و (سالار) بەنیازە بەکارێکی شۆڕش بگەڕێتەوە ناوشار، بۆئەو مەبەستەش (تۆفیق) یش دەیەوێت نامەیەك بە(سالار) دا بنێرێتەوە بۆ ماڵ و منداڵەکەی وهەواڵیان بزانێت و هەواڵی سەلامەتی خۆیشی بۆ ئەوان بنێرێتەوە، کەهیچ خەمێکی ئەویان نەبێت ٠(سالار) بەم شێوەیە دەدوێت((ئەوە چییە!باهەڵیدایت، یان ڕێگات هەڵەکردووە؟

(تۆفیق) ـ ئەوی ڕاستی بێت، زانیم لەم نزیکانەی، بۆیە هاتم چاوم پێت بکەوێ و ئەم نامەیەشم بۆ بەریتەوە٠

(سالار) ـ سەرچاوان، بەڵام چۆن زانیت دەچمەوە؟

(تۆفیق) ـ جا ئەوە نەزانم چی دەزانم! لاوێکی وەك تۆ لەمن پتر ئارەزووی سەردانی ماڵەوەی دەبێ٠٠٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٢٥١﴾

مخابن ،وەك دەردەکەوێت(سالار) ناگاتەوە ماڵەوە و چارەنووسی بەنادیاری دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە،ئەوەیەلەگەڵ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەدا، ڕۆماننووس بەبێ هیچ ئەنجامێکی دیاریکراو کۆتایی بە ڕۆمانەکە دەهێنێت وئەنجامەکەی بەکراوەیی بۆ خوێنەران بەجێ دەهێڵێت٠

ڕاستە ڕەوتی ڕووداوە سەرەکییەکە بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت و ڕۆماننووس ڕۆمانەکەی بەکراوەیی بەجێ دەهێڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەدوو توێی تەوەری ڕووداوە سەرەکیەکەدا گەلێك ڕووداوی لاوەکیش دەبینرێن، کە بەدەوری ڕووداوە سەرەکییەکەدا خوول دەخۆن و زیاتر بەردەوامی بەرەوتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە دەدەن و بەرەو پێشەوەی دەبەن ٠ بۆنموونە کێشەوبەسەرهاتی (ڕەشە دۆم) ،کە کارەکتەرێکی لاوەکییە،دەبینین ڕۆماننووس بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان، ئاماژە بەو بەسەرهاتە دەکات،کە چۆن بەسەر(ڕەشەدۆم) دا هاتووە و هەرتەواوکەری ڕووداوە سەرەکییەکەو درێژە پێدەریەتی ((ڕەشە دۆم لەتاقی ژنانیدا چاودێریی توونی گەرماوەکەی دەکرد ٠٠٠ ڕۆژێك بەخشپە دەنووسێتە گومەزی گەرماوەکە و لە کلاوڕۆشنەکەوە دەنوارێتە ژنان ٠٠٠ ئەو

ڕۆژەی ڕەشە دۆم ئەو کارەی کرد، بووە جەنگی مەغلووبە، فیزاح و قیژە لەلایەك،دژوێن و هەڕەشە و گوڕەشەش لەلایەکی ترەوە، گەڕەك خرۆشا٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٢٤﴾ نەك هەرئەوەندە، بەڵکو کێشەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا و جۆرە گرۆتینێکی نوێی بە ڕووداوەکان بەخشی و هێندەی تر گەشەی بە ڕووداوەکان دا و سەرنجی زۆرێك لە خەڵکانی دەوروبەری بەلای خۆیدا ڕاکێشا٠واتە((باسەکە وەکو بەردێك بهاویتە گۆمێکی مەنگەوە، شەپۆلی دایەوە! لەم سەر و ئەو سەری شاردا دەبیسترا٠ ڕەشە دۆم چینێکی باش دارکاری و ڕیسواکرا٠ لەو ناوەدا گەوزاندیانەوە و ئەوەی دەستی پێنەگەیشتایە، تفێکی بۆ تێدەگرت٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٢٤﴾

هەرلەوچوارچێوەیەدا،گێڕەرەوە لەسەرزاری (دایە ئایش)،کە دایکی (خاتە) ی ژنی (تۆفیق)ە ،ئاماژە بەگێڕانەوەی ڕووداوێك دەکات ،کە پێشتر ڕوویداوە و ئەوەش بۆتە پەند و بەسەرهاتێك، کە لە میانی هەندێك ڕووداو و بەسەرهاتی ڕۆژانەدا دەگێڕدرێتەوە و بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بەسەرهاتە هەنووکەی یەکە بەکاردێت. ئەویش ئەوەیە (دۆشاو قات نییە بۆ ڕیشی پاشا). ڕووداوەکەش بەم شێوەیەیە و (دایە ئایش) ڕوودەکاتە منداڵەکانی (خاتە) و دەست دەکات بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکە:- ((خوا دەست بە عەمرتانەوە بگرێ، دەگێڕنەوە، کە منداڵێکی وەکو ئێوە لەدایکی دەپرسێ (ئەرێ دایە، پاشاش وەکو باوکم بە ئاو ڕیشی دەتاشێ؟) دایکی کە نەزان و ساویلکە دەبێ وەکو من، ئەوەی بەمێشکا ناچێ، کە پاشا هەروەکو خەڵکواهی ڕەمەکی و ڕەشوڕووت ڕدێن بتاشێ، بۆیە دەڵێ(پاشا بە دۆشاوی خورما ڕیش دەتراشێ) کوڕەکەی واقی وڕ دەمێنێ لەبەرئەوەی دۆشاوی خورما، خۆراکی نایاب و دانسقەی ئەو هەژارانە دەبێ، مەگەر ساڵی چەند جارێك نان و دۆشاویان خواردبێ . کوڕەکە دەپرسێتەوە (جا دایەگیان، ئەو هەموو دۆشاوە لە کوێ دێنن؟) دایکەکەی دەستی میهرو سۆز دەخاتە سەر کاکۆڵی و بەخەندەوە وەڵامی دەداتەوە: (بۆ دۆشاو قاتە بۆ ڕیشی پاشا) .))﴿١١، ١٩٨٩، ٣٣﴾

وەك دەبینین، ڕۆماننووس بۆ زیاتر برەو دان بەڕەوتی ڕووداوەکان و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەران و زیاتر تامەزرۆبوونیان بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە توانیویەتی سوود لە تەکنیکی دواخراو وەربگرێت، کە یەکێکە لەو تەکنیکانەی، کە لە ڕۆمانی نوێدا بەکاردەهێنرێت و مەبەست لێی ئەوەیە، کە ((دواخراو، واتا دەست هەڵگرتنی گێڕەرەوە لەئاستی یەکەمی گێڕانەوە، بۆ ئەوەی ڕووداوێك بگێڕێتەوە، کە لەوەو پێش بەخۆی پشت گوێی خستووە، یان بەسەریا تێپەڕیوە))﴿١٣، ٢٠٠٤، ١٥٦﴾ بەدیوێکی تردا دەکرێت بڵێین ،گەڕانەوەی ڕۆماننووسە بۆ هەندێك ڕووداوی ڕابردوو ،کە دیەوێت گەشەی زیاتر بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بدات .

هەروەها یەکێکی تر لەو ڕووداوە لاوەکیانەی ،کە لەمیانی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەون زەماوەند و داخوازی کردنی (نەخشین)ی مام ئۆمەرە بۆ (سالار) ی نەعە شەکرچی ، هاوڕێی نزیکی (تۆفیق). (تۆفیق) یش وەکو کەسێکی دڵسۆزی (سالار) دەچێتە خوازبێنی (نەخشین). ((چوارپیاو ماقوڵی کۆڵانەکەم ناوبرد و چووینە خوازبێنی .عەلەورگەوسالەی ئەمینەمۆتی و خزمێکی سالار و من، لەدەرگای ماڵ ئۆمەرمان دا، خواو ڕاسان زوو کارەکەمان مەیسەر کرد.))﴿١١، ١٩٨٩، ١٠٣﴾

ئیدی دوای ئەوە، تەدارەك و زەماوەند لە سەر ڕێو ڕەسمی شێوازی کوردەواریانەی ئەو سەردەمە بەڕێوەچوو(( لەماڵی بووکەوە بۆ ماڵی زاوا ، هەر سەد هەنگاوێك دەبوو، بۆیە هەر بە پا گواستیانەوە . دوو ژن باڵی نەخشینیان گرت و پێخەسوو ئاوێنەیەکی بە دەستەوە گرت ڕووبە ڕووی بووکێ . دایکی زاوا بەو کەنەفتییەی بەدەستێك کەوگیر و بەدەستەکەی تری دەوری پێ ئاردی هەڵگرتبوو، گوایە ئەگەر بووکە دەست بخاتە ئاردەکەوە، ئەوا هەرزانی دەبێت! کەوگیرەکەش بۆئەوەیە، کە ببێتە کابانێکی کارامە .زاواش لەگەڵ دەستەی برا زاوادا خۆیان کوتایە سەربانەکە و سالاریش بە زۆرە ملێ، چڵە قامیشێکیان دایە دەست بۆ لێدانی بووك ))﴿١١، ١٩٨٩، ١٠٨-١٠٩﴾

هەرلەچوارچێوەی دابونەریتی کوردەواریدا ، کە لەو سەردەمەدا واباوبووە ، کە زۆرجار لەلایەن کەسوکاری زاوا و خزم و کەس و کار و هاوڕێی نزیکی بووك و زاواوە تەقەی خۆشی بەسەر زەماوەند و تەدارەکەکەدا دەکرا، بەڵام مخابن هەندێکجاریش کارەساتی ناخۆشی بەدوای خۆیدا دەهێنا. بێگومان ئەم زەماوەندەی (سالار) یش بەدوور نییە لەو کارەساتە ناخۆش و دڵتەزێنە، کە بەهۆیەوە (شێرە) ی نورە کەچەڵی تێدا دەکوژرێت((هەرکەسە و

پەلاماری دەمانچەکەی دا و لەعاست خۆیەوە پەلەپیتکەی بزواند. وەك بریشکە تەقە بە بن گوێدا ویزەی دەهات ، پێخەسوو پەلاماری پەرۆی بووکێنی یەکەی دا و فرتەی کرد بۆ ماڵی مام ئۆمەر، بەلام کەسێك بەوەی نەزانی ، کە شێرە لەناکاو کەوت و گەوزایە خوێنی خۆیەوە ... لەوەدابوون بێنە دەست بۆ بیمارخانە ، شێرە گیانی سپارد))﴿١١، ١٩٨٩، ١٠٩﴾ بەوشێوەیە شایی بوو بە شین و کەس خۆی نەکرد بە خاوەنی ڕووداوەکە و بە نادیاری مایەوە .

لەکۆتاییدا، دەکرێت بڵێین سەرجەم ڕووداوە سەرەکی و لاوەکییەکان تەواوکەری یەکتری بوون و لەخزمەتی پرۆسەی گێڕانەوەکەدا بوون و بنیاتی ڕووداوە کانیش بەشێوەیەکی تێکچڕژاوی هاتبوونە ئاراوە ،کەتیایدا ڕۆماننووس توانیویەتی لە خستنەڕووی ڕووداوەکاندا سوود لەتەکنیکی بنیاتی تێك چڕژاو وەربگرێت،کە بریتییە لەیاریکردن بەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکانەوە ((بەبێ ئەوەی کارلە ناوە ڕۆکی بنیاتی ڕووداوەکان بکات، بەڵکو تەنها لایەنی ڕیزبوونی ڕووداوەکان تێکدەشکێنێت))﴿٤، ٢٠٠٩، ٤٤﴾

لەڕاستیدا، ئەم یاریکردنەش لەڕۆمانی نوێدا هیچ جۆرە زیانێکی بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان تێدا نییە،تەنها ئەوەندە نەبێت سیستەمی داڕشتن و ڕیزبوونی ڕووداوەکان تێك دەدات و هیچی تر .

**٢. ڕەگەزی کات**

وەك ئاشکرایە، هەموو ڕەگەزە بەشداربووەکانی ڕۆمان تەواوکەری یەکترن و هیچیان بێ ئەویتریان نابێت، بەتایبەتیش هەردوو ڕەگەزی کات و ڕووداو، کە زۆرجار بەشێوەیەك ئاوێتەی یەکتری دەبن مەحاڵە بەئاسانی لەیەکدی جیابکرێنەوە، چونکە هەموو ڕووداوێك بەسترتوەتەوە بە کاتێکی دیاریکراوەوە. واتە ناکرێت هیچ ڕووداوێك بەبێ کات باس بکرێت و بوونی هەبێت. بەهەمان شێوەش ، کە باس لە کات دەکرێت بەلایەنی کەمەوەڕووداوێك بوونی هەیە، جائیدی هەر جۆرە ڕووداوێك بێت.

بەدیوێکی تردا، دەکرێت بڵێین کات وەکو بازنەیەك وایە، کە بەدەوری ڕووداو و تەنانەت کارەکتەرە کانیشدا دەسوڕێتەوە و پێکەوە گرێ دراون .ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئاسان نییە باس لە ڕەگەزی کات بکرێت، بەبێ بوونی ڕووداوێك . کەواتە ڕەنگدانەوە و سەرهەڵدانی هەموو جۆرەکانی کات لەڕووی ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو، کاتی گێڕانەوە ، کاتی حیکایەت ،...تد بەپێی پێویست سوودیان لێ وەردەگیرێت و بەکاردەهێنرێن .

هەربۆیە لەو چوارچێوەیەدا، گەر بە وردی لاپەڕەکانی ڕۆمانی ناوبراو هەڵبدەینەوە، دەبینین کەم ، تازۆر جۆرە کانی کات لەلایەن ڕۆماننووسەوە بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان و بەپێی پێویستی بنیاتی دەقەکە بەکارهێنراون . ئەوەتا ڕۆماننووس هەرلە دەسپێکی ڕۆمانەکەیەوە لەکاتی فیزیکی وەرگرتووە و بە ڕابردوو دەست پێدەکات، چونکە سەرجەم ڕووداوەکان لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و بەشێوەی زنجیرەیی یەك لەدوای یەك ڕیزبەند کراون و بەشێوەیەکی ئاسۆیی خاوەن سەرەتا ، ناوەڕاست ، کۆتایی ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە دەڕۆن . تەنانەت ڕۆماننووس زۆر بەوردی ئاماژە بە کاتی ڕووداوە کانی وەکو (ڕۆژ، مانگ، ساڵ ، سەعات،هەفتە،.. دەکات .

وەك ئاماژەمان پێدا،ڕوودانی ڕووداوەکان ڕابردووە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراو، کە ساڵی ١٩٤٦، بەتایبەتی تریش ڕووداوی (گاورباخی) لە شاری کەرکوك ، تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١،کە تێیدا کۆتایی بە ڕەوتی ڕووداوەکان دێت، بەلام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە هەردوو کاتی گێڕانەوە و کاتی حیکایەت لە نێو دەقەکەدا لەگەڵ یەکدی دا جیاوازن، چونکە کاتی حیکایەت دەگە ڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەم، بەلام کاتی گێڕانەوە لەو مێژووە تازەترە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٩ . لەگەڵ

ئەوەشدا ڕۆمانووس هەوڵیداوە وشە و زاراوە باوەکانی کات، وەکو: (شەو ، ڕۆژ،دوێنێ، ساڵی پار ، ئێوارە، زەردەپەڕ،کاتی نوێژ، ئەمێستا، مانگ، ساڵ،...تد) بەکاربهێنێت.

بۆنموونە گێڕەرەوە،(تۆفیق) ی قالە هەرزانی یە و کارەکتەری سەرەکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانە، گەلێکجاریش بەهۆی سوود وەرگرتن لەتەکنیکی کاتی دواخراو، دەگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی کاتی ڕوودانی حیکایەتی دەقەکە. ئەوەتا سەرەتا بەڕابردوویەکی زۆر دوور دەست پێدەکات و تێیدا باسی شاری کەرکوك وبەتایبەتی تریش باسی (باوە گوڕگوڕ)دەکات ((زۆر لە مێژەوە زاندراوە، کە (نەبوخوزنوسەر) ی شاخوای بابلیەکان دوو قۆشەنی بەناوبانگی کردۆتە (ئورشەلیم) و لەپاش تالان و خاپورکردن، هەزاران دیلی لە پیاو و لە ژن، لە منداڵ و پیرەمێرد پەلکێش کردووە. تاکە بەلگەیەکیشی لەم شارەی ئێمەدا مابێتەوە ئەو گۆڕەیە، کە کەللە سەری دانیال پێغەمبەری گرتۆتە هامێز و لەکاتی خۆیدا نزرگای جووەکان بووە و ئەمێستاش هەر ڕووگای موسڵمانانە. دەگێڕنەوە گوایە بڕبڕ دیلەکانیان دەناردە هەمان جێگای ئەم باوە گوڕگوڕە بۆئەوەی بزانن تاوانبارە، یان نا؟))﴿١١، ١٩٨٩، ٤-٥﴾

ئیدی بەوشێوەیە وردە وردە گێڕەرەوە لەڕێی بەستنەوەی کاتی ئەو ڕووداوە مێژووییانەوە بە جێ نزرگەی باوە گوڕگوڕەوە لەگەڵ کاتی ڕوودانی ڕووداوی (گاورباخی)، کە چەقی ڕوودانی کاتی سەرەکی دەقەکەیە، ئاماژە بە دەسپێکی کاتەکان دەکات و دەڵێت:- ((ڕۆژان بوون بەهەفتە، هەفتان یەکیان گرت و بوونە مانگ، مانگ کەڵەکەیان کردو بوونە ساڵ و ساڵ هات و ساڵ چوو، خەرەکی ڕۆژگار سوڕایەوە. ئەو گڕی باوە گوڕگوڕە ژیلەمۆی هەندێ ناخی گەشاندەوە و بووە هۆی بەرپابوونی یەکەم مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت لەژێر دار زەیتوونە پیرۆزەکانی گاورباخی))﴿١١، ١٩٨٩، ٥﴾

لەڕاستیدا، تەوزیفکردنی کات بەم شێوەیە، گێڕەرەوە دەیەوێت ئەو هەستە لای خوێنەر دروست بکات، کە لەڕێی ئەو مێژووانەوە جۆرە چێژێکی زیاتری پێ ببەخشێت، کە بەهۆیەوە کارێکی هونەری، یان ڕۆمانێك دەخوێنێتەوە، نەك بابەتێکی مێژوویی .لەو چوارچێوەیەشدا، ئەوەتا گێڕەرەوە بەئاشکرا ئاماژەی بەناوی کاتەکانی وەکو (ڕۆژ، هەفتە،مانگ،ساڵ..) کردووە و هەرهەمووشیان کاتی فیزیکین و دەگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو. تەنانەت زۆرجار گێڕەرەوە پێش ئەوەی ئاماژە بە کاتە سەرەکییەکانی ڕووداوە سەرکییەکان بکات، کە ڕووداوی (گاورباخی) یەبەشێوازێکی هونەریانە و لە دووتوێی گێڕانە وەکانیدا ، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی منداڵی خۆی، کە لەگەڵ باوکی و ئەندامانی خێزانەکەی ، یان خەڵکانی گەڕەکەکەیدا بەسەری بردووە.

بۆنموونە، لێرەدا ئاماژە بەو ڕۆژانەی تەمەنی منداڵی دەکات، کە لەو سەردەمەدا باوبووە و بەهۆی نەبوونی گەرماوی تایبەتەوە لەگەڵ دایکیدا چوونەتە گەرماوی ژنان بۆ خۆ شتن. بەوەش حاڵەتێکی دەروونی ناخۆش و نائارامی و نارێکییەکی قووڵی لە دەروونیدا جێ هێشتووە ، تا ئەوکاتەی ڕووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەر لەیادی ماوە ((تولەك بووم لەتەك دایکما دەچوومە گەرماوەکە . هەتا ڕۆژێك نێرگزی ناتر و حەبیبەی ژن عەلە حەمامچی بەرۆکی دایکمیان گرت .خواهەلناگرێ، کوڕەکەت هەراشە و گوناحە بێتە حەمامی ژنان . لەو ڕۆژەوە ئیتر بە ئێواران لەگەڵ باوکما دەچووینە هەمان گەرماو))﴿١١، ١٩٨٩، ٢٣-٢٤﴾ یان هەندێ جار گێڕەرەوە بەهۆی گەڕانەوەی بۆ ساتە وەختەکانی ڕابردوو، دەبینین کاتی ناوەکی دەروونی بەکاردەهێنێت و زنجیرەی گێڕانەوەکە تێکدەشکێنێت ((ئەو ساتە زۆر پێکەنیم ،کەچی لە ناوەوەمدا کەوتمە بەراوردکارییەکی وورد))﴿١١، ١٩٨٩، ١٦﴾

هەروەها هەندێکجاریش گێڕەرەوە ئاماژە بەهەندێك کاتی دیکە دەدات، کە پەیوەندی بەخەڵکانی ترەوە هەیە و ڕووداوی سەیری دروستکردووە و لە ڕابردووشدا ڕوویان داوە ((ئەم ڕەشەیە ناوبانگی بە گەرماوەکە دا٠ ڕۆژێك بە خشپە دەنووسێتە گومەزی گەرماوەکە و لە کلاّوڕۆشنەکەوە دەنواڕێتە ژنان ٠٠٠ ئەو ڕۆژەی ڕەشە دۆم ئەو کارەی کرد بووە جەنگی مەغلوبە، فیزاح و قیژە لەلایەك، دژوێن و هەڕەشە و گوڕەشەش لەلایەکی ترەوە ، گەڕەك خرۆشا))﴿١١، ١٩٨٩، ٢٤﴾

وەك دەبینین، گێڕەرەوە لەنێوان هەردوو کاتی دواخراوی دەرەوەی حیکایەت و کاتی سەرەکی حیکایەتدا بەردەوام دەبێت لەسەر خستنە ڕووی جۆرەکانی کات٠((منداڵ بووین سوێسکە و قەتێ مان بەخێو دەکرد٠ بە ئێوارانیش لەسەر گومەزەکەی ئیمام محمد هەڵمان دەفڕاندن))﴿١١، ١٩٨٩، ٢٦﴾، بەلاّم هەندێکجاریش گێڕەرەوە بەهۆی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و سوود وەرگرتن لە کات، بەرەو ئێستا و داهاتوو هەنگاو دەنێت، کەچی هەرهەمووشیان هەر ڕابردوون٠ ئەویش بەبەڵگەی بەکارهێنانی وشەکانی (ئێستا،ڕۆژێك و دووان) هەروەکو دەڵێت:((ئەم لاو ئەولای حەمە سورم ماچ کرد و هەر بۆ گەمە ئەم پرسیارەم ئاڕاستەکرد٠

ـ ئێستاش هەر گەچشێلی؟

ـ کاکە تۆفیق بۆ گەچکاری خومخانەیە بە سانایی و ڕۆژێك و دووان ببیتە وەستا))﴿١١، ١٩٨٩، ٢٧﴾

ئیدی گێڕەرەوە بەو شێوەیە، ئاماژە بە جۆرەکانی کات دەکات و زنجیرەی کاتەکان تێك دەشکێنێت و بەپێی جۆری گێڕانەوەی ڕووداوەکان ، جۆری کاتەکەش دیاری دەکات ٠ئەوەتا لێرەدا بەهۆی شێوازی بەرزبوونەوە و نزمبونەوەوە ،بەکارهێنانی کاتەکانیش دەبینرێن ((لەوسالأنەدا، کە هێشتا باوکم مابوو، پاییزان دایکم سێ چوارقسناخ گەنمە ڕەشگوڵی لە خزمانی ناو شوانی پەیدا دەکرد،لە ماڵی مەجید عەجەمیش مەنجەڵێکی زنجیرداری دەخواست، ئەوسا ڕوومان لە جێ ساوەرجۆشاندنەکە دەنا))﴿١١، ١٩٨٩، ٣٤﴾

وەك دەبینین، گێڕەرەوە لەڕێی بەکارهێنانی تەکنیکی دواخراوەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغانەی، کە باوکی لە ژیاندا مابوو٠ تەنانەت هەندێ جاریش بۆ گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان و خستنە ڕووی جۆری کاتەکان سوود لە ئەندامانی خێزانەکەی ،یان خەڵکانی تر وەردەگرێت٠ ئەوەتا لەڕێی دایکییەوە باسی چۆنیەتی مردنی باوکیمان بۆ دەگێڕێتەوە((دایە ،ساڵی چەندبوو باوکم ئەمری خوای بەجێ هێنا؟ دایکم ئاخێکی هەڵکێشا، پاش نەختۆکەیەك، وەك بۆ نادیارێك سەرگوروشتەی خۆی بگێڕێتەوە، بە شێنەیی لێوی جولاّ٠

ـ من سەرم لە ساڵ و ماڵ دەرناچێ، بەلاّم ئەوە دەزانم، کە لەپاش شەڕەکەی قۆمپانیای ئینگرێزەکان فنیش کراو دەستی دایە نەوت فرۆشتن، هەتا ڕۆژێك بووە قوربانی حازری))﴿١١، ١٩٨٩، ٣٤﴾

یەکێکی تر لەو تەکنیکانەی، کە گێڕەرەوە لەمیانی خستنەڕووی کاتدا بەرجەستەی کردووە، هونەری کورت کردنەوەیە٠ بۆنموونە شەڕی (سەفەربەلك)،کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و ڕووداوێکی کۆنی بەسەرچووە((لەو گرانیەدا، خەڵك ملیان لە دۆڵ و پێدەشتەکان دەنا بۆ قۆزتنەوەی تۆڵەکە و پەڵپینە و ترشۆکە وگیاو گژ و هەر سەوزییەك٠

ـ مەبەستت گرانی ی گەورەو سەفەربەلکەکەیە!نا؟ تەنانەت باپیرم دەیگێڕایەوە، کە گوێدرێژی تۆپییان کەوڵ دەکرد و پەیتا پەیتا گۆشتەکەیان دەفڕاند!!))﴿١١، ١٩٨٩ ، ٣٩ ﴾

هەروەها هەندێکجاریش گێڕەرەوە هێندە وردە لە دیاریکردنی کاتدا، دەبینین ئاماژە بە چرکە ساتەکانیش دەدات ((ئای ،خۆ کاتژمێرەکەم نۆوهەژدەی بەیانی یە، چواری نیسان، سەعات یانزەی ڕەبەق دەبێ بچم سەر لە قۆنتەراتەکانی حەمەشین بدەم))﴿١١، ١٩٨٩، ٤٣﴾

هەروەها هەندێکجاریش ،گێڕەرەوە وەکو ساڵنامەیەك بۆئەوەی خوێنەر زیاتر بەئاگابهێنێتەوە لە کاتی ڕووداو وبەسەرهاتەکان، ئاماژە بە جۆری وەرزەکانی ساڵیش دەدات ، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەڕێی دەربڕینی هەندێك وشە و دەستەواژەوە ٠

دیارە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بلیمەتی و وریایی گێڕەرەوە ٠ لەلایەکی تریشەوە لەبەر گرنگی کاتەکەیە ،کە هەر لەهزریدا ماوەتەوە و سەرنجراکێش بووە و مەبەستێتی ئێمەی خوێنەریش لەو جۆرە کاتانەئاگاداربکاتەوە و زیاتر ئالودەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانمان بکات و بەردەوام بین لە خوێندنە وەیان((دوێنێ چوومە بازاڕ، باران نم نم وەکو هەزاران دەنووکی نادیار لە عەرد و بانیان دەدا، لە گوێسەوانەکانیان دەدا،لەشان و بازوو و سەرەقژنەکانی ئەو مێرد منداڵە ڕەشتاڵەیان دەدا، کە بە توورەکە و تەلیس ڕیشۆڵەیان لەتەك چایخانەکەی ئەحمەدئاغا دەفرۆشت))﴿١١، ١٩٨٩، ٤٧﴾ بێگومان، کاتەکە وەرزی زستانە، بەبەڵگەی ئەوەی باسی باڵندەی (ڕیشۆڵە) ی کردووە، کە ئەو جۆرە باڵندەیەیە، لەکاتی سەرماو سۆڵە و بەفربارینئدا دەردەکەوێت ٠

لەڕاستیدا، وەك دەبینین سەرجەم جۆرەکانی کات لەلای گێڕەرەوە جێگەی بایەخن و هەر کاتێك تایبەتمەندی و ڕۆڵ و پێگە و گرنگی خۆی هەیە، جائیدی کاتەکە پەیوەندی بەڕووداو و بەسەرهاتێکی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی،٠٠٠ یان هەر شتێکی ترەوە هەبێت ٠ بۆنموونە وەکو یەکێك لە ئەڵقەکانی ژیانی سیاسی خۆی، گێڕەرەوە باسی چۆنێتی یەکترناسینی خۆیمان بۆ دەکات لەگەڵ (ئەوڕەحمانی کاتب نفووس) ، کە یەکێك بووە لە ئەندامانی ڕێکخستنەکانی شۆڕشی ئەیلول و بەڕێکەوت لەماڵی خاڵی بینیویەتی و کەوتۆتە ژێر کاریگەری بۆچوونە فیکرییەکانییەوە، کاتی یەکتر بینینەکەش (شەو) ە، کەلە دابونەریتی کوردەواریدا باوبووە، خەڵکی بەمەبەستی بەسەرکردنەوە و یەکتربینین لەشەودا سەردانی یەکتریان کردووە،چونکە لەوسەردەمەدا هیچ کەناڵێکی پێکەوە بەستنەوە نەبووە، تا پێشتر یەکتری ئاگاداربکەنەوە، یان هەواڵی یەکتری بپرسن، هەربۆیە ڕەنگە ئێستا خەڵکی کەم، تازۆر هەر لەشەودا بەنیازن سەردانی یەکتری بکەن و هەواڵپرسی یەکتری بکەن ٠((ئەو شەوە هەتا درەنگانێك ، پێکەوە بووین و هەر دەهات ئەوڕەحمان و من لەیەکدی نزیك دەبووینەوە، بە تایبەت بۆچوونەکانی ئەو دەقاودەق لە مێشکی منیشدا بەهەمان باردا دەکەوتنەوە لەبارەی زۆر ڕواڵەت و تەنگوچەڵەمەی ناوشار،٠٠٠پاش ئەو شەوە ئیتر ئێواران پێکەوە دەسوڕاینەوە، ڕامان ئاڵوگۆڕ دەکرد))﴿١١، ١٩٨٩، ٥٦﴾

جاری واش هەبووە کات بۆتەهۆی ئەوەی ،گەلێك ڕوودا و بەسەرهاتی ناخۆشی تێدا ڕووبدات و کاری گەری نەرێنی بەجێ بهێڵێت، بەڵام گێڕەرەوە هەر بەهەند وەریگرتووە و ئاماژەی پێداوە((ئاسمان خۆڵەمێشی یە،بۆ ئێوارەکەی، گرتنی ئەوڕەحمان پەردەی گوێمی لەراندەوە))﴿١١، ١٩٨٩، ٦٠﴾

زۆرجار بەهۆی نەبوونی هۆیەکانی تەکنۆلۆجیاوە،بەتایبەتی لەسەردەم و ڕۆژگارەکانی پێشوودا، لەناو کوردەواری و تەنانەت لەناو گەلێك لە میللەتانی جیهان بەهۆی دیاردە سروشتییەکانەوە مرۆڤ هەندێ زانیاری دەستکەوتووە و توانیویەتی پەی بە هەندێك ڕووداو و بەسەرهاتی ڕۆژانە بەرێت و لێکدانەوەی بۆ بکات ٠ ئەوەتا وەك دەبینین، گێڕەرەوە باسی ئەوە دەکات، کە ئەو ئێوارەیەی (ئەوڕەحمان) گیراوە ، ڕەنگی ئاسمان خۆڵەمێشی بووە و سروشتی نەبووە ٠

لـە دیمـەنێکی تـر و خسـتنەڕووی کاریگـەری کـات لـە بنیـاتی دەقەکـەدا، گێـڕەرەوە لـەڕێی (سـیامەند) ی هاوڕێیەوە،کەکارەکتەرێکی ناڕاستەوخۆیە،دەبینین لە ڕێی ڕاوکردنی(کەو)ەوە لەناوچە کوێستانییەکان دا وێنـەی چەند کاتێکی جیاوازمان بۆ دەکێشێت ((لە زۆزاندا دووجاران کەو ڕودەکرێت٠ یەکەم جار زستان و پاییزان بـە تـۆڕو داونانـەوە ٠ دووەم جار لـەهاوین و بـەهاران، کـە خـۆی دەکـەوزێنێ لەسـەر لم و زیخـی کـەناری جۆگـە و ڕووباران،پاشـان خـۆی دەتـەکێنێ بـۆ ئـەوەی پـەڕو بـاڵی بکاتـەوە، لەوکاتانـەدا ڕاو کـەران ساچـمەزەنە جـووت لوولەکانیان بۆ ئاڕاسته دەکەن))﴿١١، ١٩٨٩، ٨٥-٨٦﴾

وەك دەبینین، گێڕەرەوە ئاماژەی بەهەرچوار وەرزی ساڵ کردووە و بەسەر دوو جۆرە قۆنـاغی جیـاوازدا دابەشـی کردوون ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کـە گێـڕەرەوە لـەڕێی ئـەو ڕاوکردنـەوە وێنەیـەکی خراپـی نـەریتی کوردەواری دەخاتە ڕوو، کە مخابن گەلێکجار  خەڵکی کورد وەکو کەو خۆ خۆرن و بۆ لەناوبردنی یەکدی ئازان ٠

((- ووتم: ئەمن زۆر حەز بەدەنگی کەو دەکەم و ڕکیشم لە ڕەفتاری برێ کەو دەبێتەوە ٠

- سیامەند: بەسەر سامییەکەوە، ڕووی لێم نا ! بۆ!؟

- قاسپە قاسپی کەو،هەستی مرۆڤ ڕادەکێشێ، بەڵام کە بانگی هاوڕەگەزەکەی خـۆی دەکـات، بۆئـەوەی ڕاوکـەران گولله بارانیان بکەن، ئەم ڕەفتارەیان نا پەسەندە و مێشك دەشێوێنێ))﴿١١، ١٩٨٩، ٨٤﴾

لە دووتـوێی زیـاتر تیشـك خستنەسـەر ڕۆڵـی ڕەگـەزی کـات لـەبنیاتی دەقەکـەدا، گـەلێك جـۆری جیـاوازی سـوود وەرگرتن و بەکارهێنانی تەکنیکی کات لە لایەن گێڕەرەوەوە دەبینین ٠ ئەوەتا جارێکی تر لەڕێی سوود وەرگـرتن لە تەکنیکی دواخراوەوە، دیمەنی لافاوێکی زۆری ڕووباری (خاسە) ی کـەرکوك دەخاتـە پـێش چاومان، کـە چـۆن منداڵی بەبێشکەوە بردووە، بەو دیمەنەش دەمانگێڕێتـەوە بـۆ ڕووداوی حـەزرەتی (موسا) پێغەمبـەر (د٠خ)، کـە وەختی خۆی دایکی حەزرەتی (موسا) لەترسی پیاوەکانی فیرعـەون ، کـە بـوونی منـداڵی کـوڕی قەدەغـەکردبوو، دەخاتە نێو ئـاوی ڕووبـاری (نیـل) ەوە ٠((خـەڵکێکی زۆر لـەبان پردەکـەی نزیـك سـینەمای خەییامـەوە، چاویان پەڕی یە تەوقی سەریان،کە بـەدەم لێشاوەکەوە سـیپاڵ و بێشـکەی سـاوا و ئـاژەڵی جۆراوجۆریـان دیت٠ تـەوژمی لێشاوەکە هەندە تلی بەو بێشکە دابوو تەنیا دەسـرازە ڕەنگینەکـە، وەك ئـەوەی بـە دەسـتی ئەنقەسـت بێت،تونـد توند باوەشی لە بێشکەکە دابـوو !٠٠٠مـن لـە مێشـکمدا ئـەو دیمەنـەم بـە سـەبەتە فیرینەکـەی مووسـا پێغەمبـەر دانا،کەدرایە دەم ڕووباری نیلەوە))﴿١١، ١٩٨٩، ١٦٩﴾

لێرەدا ، گێڕەرەوە لە ئێستای گێڕانـەوەدا بـاس لـە ڕووداوێکـی مێـژوویی زۆر دوور دەکـات و بـە سـاتە وەختێکـی خەمباری و دڵتەنگی وەسفی دەکات ٠

هەروەها یەکێکی تر لەو دیمەن و کاتانەی، کە گێڕەرەوە سوودی لێ وەرگرتووە ، کـاتی خەوبینینـە، بەتایبـەتیش لە شەودا، کە مرۆڤ خەوی ناخۆش دەبینێت و کاریگەری خراپ لەسەر دەروون و بیرکردنەوەی دروست دەکات٠

((- خاتە، خێربێ خەوێکی خراپم دی

- خوایە بەخێری بگێڕەوە

- کاتێکم زانـی لـە چۆڵەوانی یـەکی هـاموون دام!لەچوارلاوە ئاسمـان ڕەشماڵەکـەی داکوتـابوو٠ ئەوەنـدەم زانـی ئەژدیهایەکی حەوت سەر بە دوامەوەیە! ڕام کرد٠ دڕندەیەکی تـرم لێدەرچوو! بەگوڕ تر ڕام کرد٠ئـەمجا هـەزاران مێروولەی شاخدار لێم ئالان٠ هەلگژانە بەژن و بالام!ناچار هاوارم کرد و بەئاگاهاتم))﴿١١، ١٩٨٩، ١٩١-١٩٢﴾

هەرچەندە، بینینی خەوی ناخۆش لەهەموو سەردەم وقۆناغێکدا ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر باری دەروونی مرۆڤ جێهێشتووە و باری دەروونی و بیرکردنەوەی بەتەواوی شێواندووە، بەڵام ئەوەی هەیە لێرەدا گێڕەرەوە بەجوانی لەنێو بنیاتی ڕووداوەکاندا تەوزیفی بکات و بە شێوەیەکی هونەریانە لەگەڵ کاتی گێڕانەوەدا جۆرێك لە بەردەوامی زیاتر ببەخشێت بە دەقەکە.

هەر لەگەڵ باس کردن و توزیفکردنی کاتدا، دەبینین گێڕەرەوە زیاتر پەلکێشمان دەکات بۆ نێو ئەو ڕووداوو بەسەرهاتانەی ، کە گێڕەرەوە بینیونی ، یان بیستوونی پێمان ئاشنا دەکات، ئەویش کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ .هەروەکو دەڵێت: ((پاییزی ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست و یەك،سەرماو سۆڵەیەکی لەوزە بەدەر و بە ترەف سەرانسەری ئەم هەرێمانەی گرتەوە بەتایبەتی ناوچە بەرزەکان بوونە بەستەڵەك و مەڵبەندی کرێوە و زریان و زەمهەریر.بەفر ئەژنۆیەك و بگرە زیاتر ختسی...لەم ڕۆژانەدا سێ کەس لەکۆشی خێزانەکانیان دوور کەوتبوونەوە))﴿١١، ١٩٨٩، ٢١٤-٢١٥﴾

لێرەدا، ئەوەی مەبەستە خستنەڕووی بارودۆخە سیاسییەکەیە، کە لەو بەروارەدا باشوری کوردستانی گرتبۆوە و خەڵکی بەشەرەفی کورد لەلایەك بۆ دژایەتیکردنی هەڵسوکەوتەکانی ڕژێم و لەلایەکی تریشەوە بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕەوای کورد و پشتیوانیکردن لەشۆڕش ، ڕوویان دەکردە ناوچە ئازاد کراو و ناوچە شاخاوییەکان، کە ڕژێم نەیدەتوانی بە ئاسانی زەفەریان پێ ببات...

لەکۆتاییدا،ئەوەمان بۆدەردەکەوێت،کەگێڕەرەوە لە دووتوێی خستنەڕووی ڕەگەزی کاتداوبەرجەستە کردنی لە بنیاتی دەقەکەدا، لەڕووی ئاڕاستەی کاتەکانەوە ئاماژە بە(٣) جۆر کات دەکات، کەهەن، ئەوانیش بریتین لەو جۆرەی کاتەی لە دەرەوەی کاتی سەرەکی حیکایەتە، لەگەڵ کاتی ڕابردووی خۆی لە قۆناغەکانی منداڵیدا لەنێو خێزان و دەوروبەرەکەیدا. هەروەها ئەو جۆرە کاتەشی ، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەکاتی حیکایەتی دەقەکەوە هەیە هەرلە ساڵی ١٩٤٦ و ڕووداوی خۆپیشاندانی (گاورباخی) یەوە ، هەتا کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ دا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕۆماننووس بەشێوەیەکی هونەری توانیویەتی سوود لە تەکنیکە جۆربەجۆرەکانی ڕەگەزی کات وەربگرێت و لە دووتوێی بنیاتی دەقەکەیدا بەرجەستەیان بکات و لەو پێناوەشدا هەندێکجار بەشێوەیەکی ئاسۆییانە و یەك لە دوای یەك هەندێك لە کاتەکانی نێو دەقەکەی خستۆتە ڕوو، بەڵام هەندێکجاری تریش بەپێچەوانەوە زنجیرەی کاتی ڕووداوەکانی تێکشکاندووە .

### ٠٣ ڕەگەزی شوێن

شوێن بەیەکێك لەڕەگەزە گرنگ و دیارەکانی نێو بنیاتی دەقی ڕۆمان دادەنرێت، چونکە شوێن ئەو پێگەیەیە، کە سەرجەم ڕەگەزە بەشداربووەکانی دیکە لەخۆ دەگرێت و کاریگەریشیان لەسەر دروست دەکات، بەڵام گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت، کە ڕۆماننووس هونەرمەندانە بتوانێت بەپێی بنیاتی دەقەکە و بەتایبەتیش ئاڕاستە و جموجووڵی کارەکتەرەکان بەکاربهێنێت و خوێنەریش بە کارەکتەر و ڕەوتی ڕووداوەکان ئاشنابکات.

بەدیوێکی تردا دەکرێت بڵێین : ((شوێن خۆی واقیعە و یەکێکیش لە ئەرکەکانی ئەوەیە واقیعییەت بە توخمەکانی دیکەبدات))﴿١٠، ٢٠٠٩، ١٣٤﴾ ،بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو شوێنەی لە دەقدا هەیە، هەمان ئەو شوێنەیە، کە لە واقیعدا هەیە، بەڵکو بە پێی پێویستی نێو دەقەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئەو شوێنەی لە دەقەکەدا بەکارهاتووە، شوێنێکی واقیعی بێت و ڕۆماننووس هونەرمەندانە توانیبێتی سوودی لێ وەرگرتبێت و تەوزیفی کردبێت .

کەواتە وەسفی شوێن و تەوزیفکردنی لە ڕۆماندا، لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی دیکە دەگۆڕێت. بۆنموونە لە ڕۆمانی تەقلیدیدا شوێن پێگەیەکی گرنگ و تایبەتی هەیە و فەزایەکی گەورە لە بنیاتی ڕۆمان داگیردەکات . لەوچوار چێوەیەشدا، گەر بەوردی تیشك بخەینە سەر ڕۆمانی (هەڵگشان بەرەو لوتکە)، هەر لەسەرەتاوە و لە ناونیشانی ڕۆمانەکەوە دەبینین ڕۆماننووس ڕۆڵ و پێگەی شوێنی بە بایەخەوە دەست نیشانکردووە و ڕەنگی پێداوەتەوە، کە بریتییە لە وشەی (لوتکە)، کەبەرزترین بەرزایی شوێنێك دەگرێتەوە، ئینجا ڕۆماننووس لەوێوە بەشێوەیەکی ورد و هونەرییانە هاتووە بنیاتی ڕۆمانەکەی لەسەر داڕشتووە و وەکو ڕۆمانێکی تەقلیدیش سوودی لە ناوی گەلێك شوێنی واقیعیش بینیوە و لە دووتوێی ڕۆمانەکەیدا تەوزیفی کردوون .

واتە بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆمانی ناوبراو، خوێنەر دەتوانێت زۆر بە زەقی هەست بە بوونی گەلێك شوێنی ئاشکرا و واقیعی بکات،کە لە ژیانی ڕاستەقینەشدا هەستیان پێدەکات و مرۆڤ تێیدا دەژی،ئەویش شاری کەرکوکە و ڕۆماننووس بە وردی و بەبایەخەوە ناوی زۆربەی کۆڵان و شەقام و ڕێگاوبان و تەلارووپەرستگا دەهێنێت و وەکو فۆتۆگرافەرێك وێنەیان دەکێشێت و بە خوێنەریان ئاشنا دەکات. لێرەداشدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شاری کەرکوك بۆتە سەنتەری سەرەکی بنیاتی ڕۆمانەکە و ڕەگەزەکانی دیکەش بە دەوریدا دەسوڕێنەوە. بۆنموونە وەکو: (گومەزەی ئیمام محەمەد،ئیمام قاسم،تەپە،شۆڕجە، ڕەحیماوا، قەلا،باوەگوڕگوڕ،بولاغ، قۆریە،موسەللا، منارەی دانیاڵ پێغەمبەر،ماڵی تۆفیق، گەڕەك،چایخانەی عاشور، چوارباخ، ماڵی مەلاقادر، کۆشکی حەبیب ...تد)، کە لەو ناوانە هەندێکیان گشتین و کراوەن و هەندێکی دیکەشیان تایبەتن و داخراون.

ئیدی وەك دەبینین ،لەونێوەندەدا ڕۆماننووس بەپێی جۆرەکانی شوێن و ڕەنگدانەوەیان لە بنیاتی ڕۆمانەکەدا بەکاری هێناون و سوودی لێیان وەرگرتووە و لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە سەرجەم ئەو شوێنانەی بە خوێنەر ئاشناکردووە. بەتایبەتیش لەڕێگەی کارەکتەری سەرەکییەوە، کە(تۆفیق) و گێڕەرەوەی پرۆسەی گێڕانەوەی زۆربەی ڕووداوەکانە. بۆ نموونە ئەوەتا هەرلەسەرەتاوە باسی ئەو شارە دەکات و بەئاشکرا ئاماژە بەناوی گەلێك شوێن دەدات ((ئەم شارەی ئێمەیش، هەڵۆیەکی سپی لە بەرزاییەکانەوە پارێزگاری دەکات. نوێژیان لەسەر گومەزەکەی (ئیمام محەمەد) دوە هەڵدەنیشێ و گەڕەکەکانی شۆڕیجە و بولاغ و بەرتەکیە و ئیمام قاسم بەسەر دەکاتەوە. لەزەردەپەڕیشدا پۆپنەی منارەکەی دانیاڵ پێغەمبەر دەکاتە ڕوانگەی خۆی و چاو لە قەلا و موسەللا و قۆریە و گڵچییەکان ناتروکێنێ. نیوە ڕۆژانیش هەربۆئەوەی بای باڵەکانی بداتەوە، لە هەورەبانی کۆشکەکەی قازی یەوە نیگابانی و چاودێریی زێویە و ڕەحیماوا و ئەڵماس و گاوورباخی و ... بڵێزەکانی باوەگوڕگوڕ دەکات))﴿۱۱، ۱۹۸۹، ٤﴾

وەك دەبینین ،گێڕەرەوە ئاماژەی بەناوی گەلێك شوێنی کەرکوك داوە، کە هەرهەموویان واقیعین و تائێستاش ماون و خەڵکی تیایاندا دەژین . بۆنموونە هەندێکیان هەرچەندە ناوێکی تایبەتە و دەلالەت لەناوی شوێنێکی دیاری کراو دەکات ، بەڵام لە ڕاستیدا شوێنێکی گشتییە و هەموو کەسێك دەتوانێت تێیدا بژێت، بەتایبەتیش ناوی گەڕەکەکان لەوانەش وەکو(شۆڕیجە، ئیمام قاسم، بولاغ،...تد)،کە هەرهەموویان گەڕەکی کوردنشینن و بە درێژایی مێژوو کوردی تێدا ژیاوە، وەهەندێکی شوێنی دیکەش هەن ،وەکو(کۆشکی قازی) شوێنێکی تایبەتە و داخراوە.

ئیدی بەوشێوەیە،گێڕەرەوە لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا ئاماژە بە گەلێك شوێن دەدات و خوێنەریان پێ ئاشنا دەکات. ئەوەتا لەگەڵ ناو هێنانی کەرکوك دا ، کە شوێنێکی واقیعی و گشتی و کراوەیە،

دێتەسەر وەسفکردنی شوێنەکان و پەلکێشمان دەکات بە ناسینیان،بەتایبەتیش ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە سەر گەرماوەکەی (عەلە حەمامچی) و ئیدی تا کۆتایی ٠

بێگومان،گەرماوی (عەلەحەمامچی) ش شوێنێکی گشتییە و هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ دەتوانن بەکاری بهێنن، بەڵام لە دووکاتی جیاوازدا، کە بەڕۆژ بۆ ژنانە و ئێوارانیش بۆ پیاوانە، هەروەکو دەڵێت: ((لەچوار لاوە ڕێگا هەبوو بۆ گەرماوەکەی عەلە حەمامچی٠ لەڕێگای یەکەمەوە، دووهەرزەکار لە گۆڕەپانی فووتۆڵێنی ناوەند خڕەکەی خاسەوە ڕوویان لەبەربەستە کۆنکریتەکە دەکرد٠یەکێکیان قەڵەمبازێکی کردو سووك خۆی هەڵدایە بان بەربەستەکە و دەستی بۆ هاوڕێکەی درێژکرد٠ سەد هەنگاوێك بەولاترەوە لەناو باخەکەی ئیمام عەباس ئاگریان لە بژارچی یەك خواست، ئینجا بەنۆرە و هەربۆ هەوەس دووکەڵیان کرد٠٠٠ لەباخەکەوە چوونەسەر ڕێگا کۆنەکەی سلێمانی، لەوێشەوە گەیشتنە چایخانەکەی عاشور، لەوێ پێچیان دایەوە بە لێواری جۆگاکەوە شۆڕبوونەوە کن ماڵی مەلاقادری ئیمام٠٠٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٦-٧﴾

وەك دەبینین، گێڕەرەوە ئاماژەی بە کۆمەڵێك ناوی شوێن داوە،کەهەندێکیان ناوی گشتین و کراوەن ، وەکوو (بان بەربەستەکە،باخەکە،ڕێگاکۆنەکە،چایخانەی عاشور،٠٠٠)،بەلام لەبەرانبەریشدا ناوی چەند شوێنێکی دیکەشی هێناوە،کە تایبەتی وداخراون، وەکو: (ماڵی مەلاقادری ئیمام)،جگەلەوەش هەموو ناوەکان واقیعین و لە واقیعدا بوونیان هەیە٠

هەروەها(( لەڕێگای دووەمەوە،دوو زەلامی دیکە لەقەلاوە هاتنە خوار بەناو کەوشدرووەکاندا تێپەڕبوون٠٠ مزگەوتی نوعمان ٠٠خانی بۆرەکەییەکان ٠٠ئاسنگەران ٠٠ حەلواچییەکان ٠٠٠حاجی خورشیدی حەلواچی سینەما(خەیام) ی بنیات نا٠٠٠))﴿١١، ١٩٨٩ ، ٩ ﴾ لێرەدا، گێڕەرەوە ئاماژەی بەناوی گەلێك شوێنی دیکە داوە،ناوی واقیعی وگشتی و کراوەن و لەشاری کەرکوك دا بوونیان هەیە و شوێنی ڕاستەقینەن ،وەکو: (ڕێگای دووەم،قەلا، مزگەوتی نوعمان) ،بەلام لە بەرانبەریشدا هەندێك شوێنی دیکەش دەبینرێن،کە بەهەمان شێوە شوێنی واقیعی وگشتی و کراوەن و شوێنی کار و کاسپین بۆ بژێوی ژیانی خەڵکی ئەو شارە،وەکو: (کەوشدرووەکان، خانی بۆرەکەییەکان، ئاسنگەران، حەلواچییەکان، سینەما خەیام)٠

بەهەمان شێوە، گێڕەرەوە (( لەڕێگای سێیەمەوە ،هەر بەتەنیشتی گەرماوەکەوە، توولە ڕێەکی خۆڵین و ناهەموار بە ناوەندی کونە کەمتیارەکە و باخچەکەی حەمە چەقەڵەوە دەکشا٠بەو دیوەوەش مەعدەنی قسڵ و گەچی داووده قایەچی بوون کە دەکەوتنە باڵی چەپەوە٠ لای ڕاستەوە مزگەوتە ترسێنەرە ساماناکەکەی کێلانەکە بوو٠٠٠))﴿١١، ١٩٨٩، ١٣﴾ ئاماژەی بەناوی هەندێك شوێنی دیکە کردووە،وەکو: (ڕێگای سێیەم،توولە ڕێیەکی خۆڵین، ناوەندی کونە کەمتیار،مزگەوتە ترسێنەرەکە)،کە هەرهەموویان ناوی واقییعی و گشتی و کراوەن،بەلام (باخچەکەی حەمە چەقەڵ) شوێنێکی تایبەت و داخراوە٠

هەروەها(( لەڕێگای چوارەمەوە ،لە دەشتاییەکەی چوارباخ ڕێگایەکی بەردەڵان خۆی دەکوتایە ناو گۆڕستانەکە و زۆر کۆنە گۆڕی تەخت دەکرد بەجۆرێك تەنیا تاشە بەردی گۆڕەکان لەشێوەی لاکێشەیەکی نارێك دەکەوتنە بەرچاو، ڕێگاکە پێش ئەوەی بگاتە تەکیەکەی شێخ جەمیل و ڕیزە ئاودەستەکانی بان کێلانەکە، بە لاتەکی کەلاوەکەی شێحەمەعەلی یە کەرەی باوکی شێخ جەمیلەوە، ڕەت دەبوو٠ڕێگاکە دوایی لە پێش تەکیەکەوە هەڵدەسوڕایەوە بەرەو کۆشکەکەی شێخ حەبیب، لەوێشەوە یەکسەر بە نشێوێکدا دەگەیشتە نوای بالاخانەکەی شوکر پاڵەوان ٠٠٠))﴿١١، ١٩٨٩، ١٤﴾

بەهەمان شێوە گێڕەرەوە ئاماژەی بە گەلێك شوێنی دیكە كردووە، كە هەندێكیان گشتین ،وەكو: (ڕێگای چوارەم، دەشتایی چوارباخ،ڕێگای بەردەلان، ناو گۆڕستانەكە،٠٠٠)، بەلام هەندێكی دیكەشیان تایبەتین، وەكو: (كەلاوەكەی شێخەمە عەلی، كۆشكەكەی شێخ حەبیب، بالاخانەكەی شوكر پالەوان)٠

لە كۆی بەكارهێنانی هەموو ئەو جۆرە شوێنانە، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە ڕۆمانووس لە دووتوێی خستنە ڕووی ڕۆمانەكەیدا، توانیویەتی سەرجەم ئەو شوێنانە بەشێوەیەكی ورد و ئەندازەیی لە شوێنی خۆیاندا بەكار بهێنێت و بە خوێنەریشیان ئاشنابكات٠ بەوەش لە سنوری ئەندێشە دەرەوە و بچێتە نێو دنیای فەنتازیاوە٠ لەلایەكی تریشەوە دەبینین بەكارهێنانی هەموو ئەو شوێنانە شوێنی واقیعین و هەموو شتەكانیش لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە و بەلای ڕۆمانووسەوە شوێنی پیرۆزن، ڕەنگە ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بێت، كە خودی ڕۆمانووس خەلكی ئەو شارەیە و زێدی باب و باپیرانیەتی و یادگاری زۆری هەیە لە بست بە بستی ئەو شارە كوردستانییەدا٠

هەرلە میانی زیاتر ڕۆچوونمان بە نێو جیهانی ئەو ڕۆمانەدا، گەلێك زانیاری زیاترمان دەستدەكەوێت بەوەی، كە گێڕەرەوە،گەلێكجاریش خۆی بەستۆتەوە بە تاكە شوێنێكی دیاریكراوەوە، كە شوێنێكی تایبەت و داخراوە((مالی ئێمە لەنزیك ئەو گەرماوە بوو،دەرگاكەمان دواتیشكی خۆراوای بەردەكەوت، كەچی دەرگای گەرماوەكە ڕوو لە قیبلە بوو٠ دنگەكەی مال حەمەی دەولەت كەتوتبووە نێوان مالمان و گەرماوەكە))﴿١١ ،١٩٨٩ ، ٢٣﴾ وەك دەبینین،گێڕەرەوە بەوردی و بەشێوەیەكی جوان وەسفی مالەكەیان دەكات،بەوەی هەرلەخۆرهەلاتەوە،تا خۆرئاوا تیشكی هەتاو لەسەر مالەكە یان ٠ واتە مالەكەیان بەردەوام خۆری لەسەرە و ڕووناكە، بەوەش گەشبینە بە ژیان ٠

هەروەها گێڕەرەوە لە شوێنێكی تردا،جەخت لەسەر پیرۆزی شوێنی تایبەت و داخراو دەكاتەوە و تەواو پێوەی هۆگرە،هەروەكو دەلێت:- ((گواستمانەوە بۆ ڕەحیماوا،ئەو جومعەیە لەگەل كەلەبابی كۆلانەكەدا ڕاپەڕین و كەوتینە خۆمان ٠ تەم بوو، دیمەنی پێش چاوی شێلوو دەكرد و هێلی دەرەوەی دیوار و درەختەكان تەلخ بوون٠٠٠ نەوزاد پەنجەی لە تەمەكە بڕی و بەمنی گوت:

ـ بابە، دەلێ ی زەوی هەناسە دەدات! ئەم گشت تەمە لە هەناوی ئەم خاكەوە دێتە دەر٠

لەكاروانی دووەمدا، بە دانام ووت: تۆ سەیری خۆرەلات كە، چۆن بەڕمی زێڕین پاشكۆی تاریكی ڕاو دەنێ!٠٠٠ژوورە كەمان لە مالێكی پێش كونجەكەی سۆفی محێدین بوو))﴿١١، ١٩٨٩، ١٤٣-١٤٤﴾ لێرەدا، گێڕەرەوە لە ڕووی سیاسییەوە تەماشای ئایندەی شارەكەیان و نیشتمانەكەیان دەكات ولەگەل مال باركردنیان لە گەڕەكی ئیمام قاسمەوە بۆ گەڕەكی ڕەحیماوا و دەركەوتنی تیشكی زێڕینی خۆر گەشبین دەبێت و هێندەی تر خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمانەكەی و گەڕەكەكەیان زیاد دەكات لەنێویشیاندا ئەو مالەیان،كە تەنها ژوورێكە٠ ئەگینا ئەو لە ڕووی دارایی و بژێوی ژیانەوە زۆر دەست كورت و نەدار دەبن ٠

هەروەها هەندێكجاریش دەبینین،ڕۆمانووس بەمەبەستی زیاتر جوانكردنی بنیاتی دەقەكەی پەنا بۆ بەكارهێنانی شوێنی خەیالی و خوازراویش دەبات ((كام لە ئێمە تاقیكردنەوەی مردنمان دیوە؟ كێ ڕێگای زەخم و سۆیی ئێشەكانی ئەوڕەحمان دەناسێت؟ ))﴿١١، ١٩٨٩، ٦٤﴾ لێرەدا، ڕۆمانووس (ڕێگای زەخم) ی بەكارهێناوە،هەربۆیە جگە لە داخواز ییەك بۆ بوونی شوێنێكی لەم جۆرە،شوێنی وا لە واقیعدا نییە٠ یان لە شوێنێكی تردا دەلێت:- ((خۆ دەنگی هۆڕن و زیقە زیقی مندال و شیڕەی ژنان، ئاسمانی كەڕ كردبوو))﴿١١، ١٩٨٩، ٨١﴾ دیارە، (ئاسمان)

فەزایەكی گەورە و بێ سنورە لەچاو ڕادەی توانای بینین و هەست و ژیری مرۆڤدا،هەربۆیە ڕادەی بەرفراوانییەكەی بە شێوەیەكە بەهیچ جۆرە دەنگێك ئاسمان كەڕ نابێت، بەڵام ئەوەندە هەیە، ڕۆماننووس تەنها بۆ كاری فەنتازی نێو دەقەكە بەكاری هێناوە ٠

شایانی باسە، هەر لەو چوارچێوەیەدا و لە دووتوێی ڕەنگدانەوەی شوێن و كاریگەرییەكانی لەسەر ڕەگەزەكانی دیكەی نێو ڕۆمانەكەو بەهۆی بوونی زۆری ناوی شوێنەكان و جوڵانەوەی بەردەوامی كارەكتەرەكان و جۆری ڕووداوەكانەوە ،كارەكتەر لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە شوێنی هۆگری خۆی بەجێ دەهێڵێت ٠ جائیدی ئەو شوێنی هۆگر بەجێ هێشتنەبەهۆی هەندێك بارودۆخی ژیانەوە (سیاسی ، ئابووری ،كۆمەڵایە تی، ٠٠٠تد)ەوە بێت،كە ناچار دەبێت شوێنی هۆگری خۆی و ئەو شوێنەی ،كە زێدی باب و باپیرانیەتی و لەوێدا چاوی هەڵهێناوە بەجێی بهێڵێت و ڕوو بكاتە شوێنێكی تر و بە دوودڵیەوە ژیانی تێدا بەسەربەرێت ٠بێگومان، هەموو ئەوانەش هۆكاری تایبەتی خۆی لەپشتیانەوەیە٠بەتایبەتیش لە نێو كۆمەڵگای كوردیدا٠

یەكێكیش لەو دیاردانە بوونی خۆشەویستییەكی پاك و بێگەردە لەنێوان كوڕ و كچێكدا، بەڵام ئیدی بەهەر بیانوو یەك بێت كەسوكاریان ناهێڵن ئەو دوو دڵخوازە بەیەك بگەن، بۆیە ئەوانیش لەهەندێك شوێن و لە هەندێك كاتدا پەنا بۆئەوە دەبەن سەری خۆیان هەڵبگرن و ئەو شوێنە بەجێ بهێڵن، تا بەلایەنی كەمەوە ژیانیان پارێزراو بێت و بەئازادانە مومارەسەی ژیانی ئاسایی و ئەوینی ڕاستەقینەی خۆیان بكەن ٠لەو ڕووەشەوە ،گێڕەرەوە باسی ڕووداوی كارەكتەرێكی لاوەكی نێو ڕۆمانەكەمان بۆ دەكات، كە خەڵكی ناوچەی كوێستانە و لە دەوروبەری شاری سلێمانییەوە لە ترساندا هەڵاتوون و هاتوونەتە ناوچەی گەرمیان ٠هەروەكو دەڵێت:- ((دوایی ناونووس كردنی كرێكارەكانیان پێم سپارد ٠ لەو ماوەیەدا، ئۆڤەرتایمی باشم بۆ كرێكاران دەنووسی و پەیوەندیم لەگەڵ هەندێكدا سازا و پەرەی سەند ٠ لەوانە(سیامەند) ناوێك بوو، كە ئەوسا، وای پێم ڕاگەیاند گوایە بۆ ئیش كردن، خۆی و ژنەكەی ڕوویان لەم گەرمیانەی ئێمەكردووە٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٨٣﴾

یان هەندێكجار مرۆڤ بەهۆی هەڵوێستی سیاسی و بەشداریكردنی لە كاری سیاسیدا لە دژی ڕژێم و دەسەڵاتی داگیركەر بەناچاری شوێنی هۆگری خۆی بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەكاتە ناوچەی ئازادكراو و دوورە دەستی ڕژێم و لەوێدا سەرلەنوێ بەگڕ و تینێكی نوێوە بەردەوامی بە كاری سیاسی ڕەوای خۆی دەكات ٠((پاییزی ساڵی هەزار و نۆسەد وشەست و یەك، سەرما و سۆڵەیەكی لەوزە بەدەر و بە تەرەف سەرانسەری ئەم هەرێمانەی گرتەوە٠ بەتایبەتی زۆزان و ناوچە بەرزەكان بوونە بەستەڵەك و مەڵبەندی كرێوە و زریان و زەمهەریر٠٠٠لەم ڕۆژانەدا سێ كەس لە كۆشی خێزانەكانیان دوور كەوتبوونەوە))﴿١١، ١٩٨٩، ٢١٤-٢١٥﴾

وەك دەردەكەوێت، ئەو سێ كەسە بریتین لە هەریەكە لە(تۆفیق، حەمەسور، سالار) ،كە دانیشتووی شاری (كەركوك) ن و بەهۆی سیاسەتی چەوت و ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمەوە و وەستانەوە و هەڵوێست وەرگرتن لە دژی ڕژێمی ئەو كاتە ، شوێنی هۆگری خۆیان، كە شاری (كەركوك) ە و زێدی باب و باپیرانیانە ڕوویان كردۆتۆتە ناوچە شاخاوییەكان، كە بڵێسەی شۆڕشی ئەیلول كڵپەی سەندووە و بەرگری لە گەلی ستەمدیدەی كورد دەكات، بۆ بەرگریكردن لە خاك و نیشتمان و درێژەدان بەكاری سیاسی و پێشمەرگانە٠ لە ڕاستیشدا ئەوە كارێكی جوامێرانە و كوردانەیە٠

لەکۆتاییداو لەڕووی بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی ڕەگەزی شوێن لە بنیاتی ڕۆمانەکەدا، بۆمان دەرکەوت، کە ناوهێنان و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو جۆرە شوێنانە، گرنگی و وەسفی شوێن دەردەخەن لەپرۆسەی گێڕانەوەکەدا، کە ڕۆماننووس بەبایەخەوە کاری لەسەرکردوون و بەشێوەیەکی هونەریانە تەوزیفی کردوون ٠

## ٠٤ ڕەگەزی کارەکتەر

هەبوونی ڕەگەزی کارەکتەر لە ڕۆماندا، تەوەرێکی سەرکییەو خاوەن پێگەیەکی دیار و حەتمییە و سەرجەم ڕەگەزە بەشداربووەکانی دیکە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە و بەئەنجام گەیەنەری تەواوی کارو چالاکییەکانی ڕۆمانە و هیچ ڕۆمانێك بە بێ کارەکتەر نایەتە ئەنجام٠ لەو چوارچێوەیەشدا،کارەکتەرە کانی نێو ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە) لەڕووی ئەرك و بەشداربوونەوە (٢) جۆرن،کە بریتیین لە:-

### ٠١ کارەکتەری سەرەکی

ئەم جۆرە کارەکتەرە لە نێو ڕۆمانەکەدا خۆیان لە دووتوێی چەند کارەکتەرێکدا دەبیننەوە و هەڵسوڕێنەری بەشێکی زۆری ڕووداو و بەسەرهاتە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانەکەن،کە بریتیین لە: (تۆفیقی قالە هەرزانی، خاتەی ژنی تۆفیق، ئایشەی دایکی تۆفیق، سالار)، بەلاَم لەنێو هەموویاندا(تۆفیق) ی قالە هەرزانی ئەرك و ڕۆڵی زیاتری دەکەوێتە ئەستۆ و گێڕەرەوەی سەرەکی ڕووداوە سەرەکییەکانی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە و کارەکتەرێکی چالاکە و زۆربەی ڕووداوەکان لەدەوری ئەو دەسوڕێنەوە٠

لەوڕووەشەوە،لەپرۆسەی گێڕانەوەکاندا بە شێوەی کەسی یەکەمی تاك دەردەکەوێت وبەهۆی بەکار هێنانی جێناوی یەکەمی تاکی سەربەخۆی (من) ەوە دەردەکەوێت و ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە سەرجەمیان لە ڕابردوودا ڕوویانداوە و بەسەرچوون و بەشێوەیەکیش ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کە قەناعەت بە خوێنەر(وەرگر) بکات بەوەی ڕووداوەکان واقیعین٠ئەوەتا هەر لەدەسپێکی گێڕانەوەدا بەم شێوەیە خۆی دەناسێنێت و دەڵێت: ((پێشەکی من ناوم تۆفیقە، تۆفیقی قالە هەرزانی٠ بالێرەوە سەری گلۆڵەکە بگرمە دەست))﴿١١، ١٩٨٩، ٤﴾

ئیدی، بەوشێوەیە (تۆفیق) دوای ئەوەی کەسایەتی خۆیمان پێ دەناسێنێت، درێژە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەدات،هەرلە خۆپیشاندانەکانی (گاورباخی) لەساڵی ١٩٤٦ وەتا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٦١ و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دەبێتە پێشمەرگە٠

هەروەکو پێشتر گوتمان ،گێڕەرەوە بەهۆی جێناوی سەربەخۆی تاکی (من)ەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەلاَم لە هەندێك شوێندا هەندێکجار جێناوی یەکەمی کەسی سەربەخۆی کۆی (ئێمە) ش بەکاردەهێنێت٠((ماڵی ئێمە لەنزیك ئەو گەرماوە بوو٠ دەرگاکەمان دواتیشکی خۆراوای بەر دەکەوت،کەچی دەرگای گەرماوەکە ڕوو لە قیبلە بوو٠ دنگەکەی ماڵ حەمەی دەوڵەت کەوتبووە نێوان ماڵمان و گەرماوەکە))﴿١١، ١٩٨٩، ٢٣﴾ یان لە شوێنێکی دیکەو گرتەیەکی تری وێنەی ڕووداوەکاندا، گێڕەرەوە باس لە چیانی تایبەتی خۆی دەکات، کە بەهۆی مردنی باوکییەوە دەستبەرداری خوێندن دەبێت و ڕوو لەکارکردن دەکات٠((هەر مردنی باوکیشم بووەهۆی ئەوەی،کەپاش بڕینی پۆلی سێیەمی ناوەندی لە قوتابخانە دابڕێم و ڕوو لەبازاڕ و کاربکەم))﴿١١، ١٩٨٩، ٣٥﴾

یان لە شوێنێكی تر و بەهەمان نەفەس لە ڕووداوی لافاوە زۆرەكەی ڕووباری خاسەدا وەكو شایەتحاڵێك باسی بەشێك لەدیمەنی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا دەڵێت: ((٠٠ من لەمێشكمدا ئەو دیمەنەم بە سەبەتە قیرینەكەی مووسا پێغەمبەر دانا، كە درایە دەم ڕووباری نیلەوە٠(لەبیرمە كەشتی كاغەدمان دەكرد و لەناو تەشتێكی جل شۆرین دەمانسوڕاندەوە٠ لێشاوی ئەم خاسە توڕەیە هیچ كاتێك دەرفەتی بە كەشتی نەداوە! هەرتوڕە بووە و هەر توڕە!)٠))﴿١١، ١٩٨٩، ١٦٩﴾

هەروەها لەشوێنێكی تریشدا ئاماژە بەوە دەكات، كە هاوكاری هاوڕێ و هەژارانە، هەروەكو لە خوازبێنی كردنی (نەخشین) بۆ (سالار) ی هاوڕێ و هاوبیریدا بەشدارە((كاك سالار تۆ من بە برا گەورەی خۆت بزانە و سەرم لە ئۆغرتایە٠٠ فەرموو هەرچیت لە دڵدایە بۆ براتی ڕۆكە٠ كاك تۆفیق ٠٠ دڵم ٠٠ دڵم چۆتە ٠٠ نەخشینی مام ئۆمەر٠ ئەوەی ووت و دەنگی بردە ژوورەوە٠٠٠ چوار پیاو ماقوڵی كۆڵانەكەم ناوبرد و چووینە خوازبێنی))﴿ ١١، ١٩٨٩ ، ١٠٣﴾ وەك دەبینین، گێڕەوە بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەی ڕووداوەكاندا،تا لەگەڵ (سالار) و (حەمەسور) ی هاوڕێیدا دەبێتە پێشمەرگە و پەیوەندی دەكات بە شۆڕشەوە((پاییزی ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست و یەك، سەرماو سۆڵەیەكی لە وزە بەدەر و بە تڕەف سەرانسەری ئەم هەریمانەی گرتەوە٠٠٠ منیش زەنگی كاروان ڕایكێشام و بوومە تەتەری نێوان دێهاتی و ئەو شار و تەلان و زەبەنگانە))﴿١١، ١٩٨٩، ٢١٤-٢١٥﴾

یەكێكی تر لەو كارەكتەرە سەرەكیانەی تر، كە درێژەپێدەری بەشێكی تری ڕەوتی ڕووداوەكانە (خاتە) ی ژنی (تۆفیق)ە، كە شان بەشانی (تۆفیق) ڕۆڵیان هەیە و بەهۆی بەكارهێنانی جێناوی سەربەخۆی یەكەمی تاكی (من) ەوە هەندێك لەو ڕووداوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە ((خاتە هەردوو كەنیشكەكەی ڕاكێشایە بن باڵی خۆی و ٠٠٠ وەرن ،من مەتەڵێكی خۆش دەزانم٠ كارا و دانا و نەوزادیش لەو خڕبوونەوە و خاتە دەمی كردەوە))﴿١١، ١٩٨٩، ٦٨﴾

یان وەكو لەگەڵ (تۆفیق) ی هاوسەریدا مشتومڕی ئەوەیانە، كە(تۆفیق) خانووی بەكرێ گرتووە بە (خاتە) ی نەگوتووە و پرسی پێنەكردووە((خاتە ئەم جارە كەوتە گلەیی و لۆمە كردنم،كە ژوورت گرتووە، ئیتر بۆ پرسە گورگانەم پێدەكەیت؟ ))﴿١١، ١٩٨٩، ١٣٥﴾،بەڵام هەندێكجاریش (خاتە) لە ڕێی بەكارهێنانی جێناوی سێیەمی سەربەخۆی تاكی (ئەو) ەوە بەشێك لە ڕووداوەكان دەگێڕێتەوە بەتایبەتی لەگەڵ (تۆفیق) دا٠

((- خاتە دێتە بیرت، كە گوازتیانەوە و بە ئاوێنە پێشوازیتیان كرد؟

- ئۆی تۆفیق، تۆ چیم وەبیر دێنی!

خاتە هێندەی نەمابوو بە گڕما بچێت! كڵاوەكە تۆ قازی بە٠ گوتم: (ئافرەت، ئەو ڕیشۆڵە و باڵندانە گوناحیان چییە، ئەو سەرسەگانە داو و تەڵەیان بۆ دەنێنەوە؟ )،كەچی خاتە پاش ئەوەی لێوی كەمتەر خەمی بزواند ، چی بڵێت باشە!(ئێ پیاوەكە ئەوانە كاسبن و ئەوەش كار و پیشەیانە)٠٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٤٧﴾

یان (خاتە) سەبارەت بە هەندێك لەو ڕووداوانەی، كە لەشاری كەركوك دا ڕوودەدەن، بە تایبەتی لەدوای نەمانی حوكمی پاشایەتی ، بەڕاشكاوانە بۆچوونی خۆی دەربارەی بە شوودانی (شیرین) لای (تۆفیق) دەخاتە ڕوو،كە چ هەڵوێستێكی جوامێرانەی هەبووە ((بەسەر سوڕمانەوە پرسیام كرد، خاتە گوتی: لەوەتی پاشایەتی نەماوە٠ شیرین بۆتە تەوقی ئاگر و لە گەردنی مام فەتاح ئاڵاوە! ٠٠٠ بەخوا ئازایە و دەردی داوەتە مام فەتاح! من كچێكی وەهام دەوێ بووكم بێت ٠٠ هەی ئافەرین ))﴿١١، ١٩٨٩، ١٩٧﴾ ئیدی (خاتە) بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت و لە باسی (شیرین) دا و لە سەر زاری ئەو ئاماژە بە گێڕانەوەی ڕووداوەكە دەدات ودەڵێت: ((ئەگەر بمدەن بەو پیرە، ئاگر لە خۆم بەردەدەم و حەیای بەرو دوای ئێوەش دەچێت))﴿١١، ١٩٨٩، ١٩٧﴾

یەكێكی تر لە كارەكتەرە سەركییەكان،(ئایشە) ی دایكی تۆفیقە،شان بەشانی گێڕەوەی سەرەكی بەشدارە لە گێڕانەوەی ڕووداوەكاندا و لەناو ڕووداوەكاندا ژیاوە و بەهۆی بەكارهێنانی جێناوی یەكەمی سەربەخۆی تاكی (من) ەوە دەست دەكات بەگێڕانەوە ٠ ئەوەتا سەبارەت بە پرسیارێكی (تۆفیق) دەربارەی مردنی باوكی دەڵێت:- ((دایە ساڵی چەند بوو باوكم ئەمری خوای بەجێ هێنا؟ دایكم ئاخێكی هەڵكێشا، پاش نەختۆكەیەك، وەك بۆ نادیارێك سەرگوروشتەی خۆی بگێڕێتەوە، بەشێنەیی لێوی جولا٠ من سەرم لە ساڵ ومالْ دەرناچێ، بەلاّم ئەوە دەزانم كە لەپاش شەڕەكەی قۆمپانیای ئینگریزەكان فنیش كراو دەستی دایە نەوت فرۆشتن هەتا ڕۆژێك بووە قوربانی حازری))﴿١١، ١٩٨٩، ٣٤﴾

ئیدی بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت، تابەتەواوی ساڵی ڕووداوەكە دەستنیشان دەكات ((كوڕم،باوكت لەو قۆمپانیا یە سەنتەریی شەوكاربوو٠ لەدانیشتوانی ئەم شارەم بیستبوو كە لە دوانزەی تەموزی هەزار و نۆسەد و چل و شەشدا، كرێكاران پاش ئەوەی مەزبەتەیەكی ناڕەزاییان دایە كاربەدەستە ئینگلیزەكان، وەرەكشاپ و ستۆر و جێ ئیشەكانیان بەجێ هێلاّ))﴿١١، ١٩٨٩، ٣٥﴾ لەشوێنێكی تردا،(ئایشە) باسی ژمارەی منداڵەكانی بۆ(تۆفیق) دەكات و دەڵێت: ((٠٠ دەزانم پێش من ئافتاو ناوێكت بە گرانەتا مردووە٠ دایكم سەرێكی ڕاوەشاندو بە ئەسپایی بەدەنگ هات٠ دوای ئافتاویش چوار زگی ترم كردووە پاشان تۆم بووە٠ هەریەكەیان بە دەردێك چوو))﴿١١، ١٩٨٩، ٤٥﴾ هەروەها لە شوێنێكی تردا و لە وەلاّمی پرسیارێكی (تۆفیق) دا دەربارەی كچەكانی (ڕەشەی كەوشدروو) دەڵێت:

(( ـ باشە دایە،ڕەشەی كەوشدروو، شەش كچی نەبوو؟ چۆن ناوەندییەكانی بە مێرد داوە؟

ـ مەگەر نازانی، كچە نۆبەرەكەی بە بێوەژنی لە ماڵەوەیە و دووەمین كچی بەشووە٠ سێیەمینی مێردەكەی مرد٠ مایەوە سێ كچی تر))﴿١١، ١٩٨٩، ٨٢﴾

یەكێكی تر لە كارەكتەرە سەركییەكانی تر،(سالار) ی نەعە شەكەرچی یە،كە هەر لەسەرەتای ڕووداوەكانەوە كەم كەم دەردەكەوێت، تا لە دواجاردا دەبێتە هاوڕێی گیانی بەگیانی (تۆفیق) و ئەمیش دەبێتە پێشمەرگە و پێكەوە دەچنە دەرەوە و پەیوەندی دەكات بە شۆڕشەوە ((سالار بەدەنگێكی تێزئامێزەوە، شێرەی كپ كرد٠ هەی ئاگری بن كا٠ تۆش نەختێك حەزت بەو بەزم و ڕەزمە هەیە ٠٠٠ سالار دەستی بۆ پەرچەمەكەی برد و گوتیەوە:٠٠٠ جێگای ئەم گەرماوە باوكم وتی (سەردەمانێك باخ و مەزرایەكی دڵدوێنی وابووە هەر نەبێتەوە٠ پێشوتریش بەشێك بووە لەم گۆڕستانەی شێمحێدین و ئیمام مەحەمەدە) ٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٨﴾

(سالار) بەرە بەرە وەكو كارەكتەرێكی پەرەستێن گۆڕانی بەسەردا دێت و لە دۆخێكی چەقبەستوودا نامێنێتەوە و خوێندنی پەیمانگای هونەرە جوانەكان تەواو دەكات و دەبێتە مامۆستای هونەر و بەهۆی (تۆفیق) ی هاوڕێیەوە داوای (نەخشین) ی مام ئۆمەر دەكات و ژیانی خێزانی دروستدەكات ٠

لێرەدا و لە گفتۆیەكیدا لەگەڵ (شێرە) ی كۆنە هاوڕێی دا دەڵێت: ((٠٠من ئێستاكە دەرچووی هونەرە جوانەكانم و نیازم وایە لەم ڕۆژانەدا پێشانگایەك لە كتێبخانەی گشتی بكەمەوە٠٠))﴿١١، ١٩٨٩، ١٠٢﴾

پاش ئەوەی (سالار) خوێندن تەواو دەكات ،ڕۆژێك دەچێتە لای (تۆفیق) و دەردە دڵی خۆی بۆ باس دەكات: ((كاك تۆفیق تۆ چاك من دەناسی و خۆت گوتەنی، دایكم دایكی گشت منداڵانی كۆڵانەكە بووە، بۆیە دەمەوێ شتێكت لەكن بدركێنم ٠٠٠ كاك تۆفیق ٠٠ دڵم ٠٠ دڵم چۆتە ٠٠ نەخشینی مام ئۆمەر))﴿١١، ١٩٨٩، ١٠٣﴾ ئیدی بەو شێوەیە، لە ڕێی (تۆفیق) ەوە خوازبێنی (نەخشین) بۆ (سالار) دەكرێت و ژیانی خێزانی دروستدەكات٠ هەروەكو(تۆفیق) بۆمانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((چوار پیاو ماقوڵی كۆڵانەكەم ناوبرد و چووینە خوازبێنی ٠عەلە گورگە و سالەی

ئەمینە مۆتی و خزمێکی سالار و من ٠لە دەرگای ماڵ ئۆمەرەمان دا،خواو ڕاستان زوو بە زوو کارەکەمان مەیسەر کرد))﴿١١، ١٩٨٩، ١٠٣﴾

دوای ئەوە (سالار) دەبێتە خاوەنی منداڵێك بە ناوی (نیگار) ولە گوندی (حەفتەغار) یش دەبێتە مامۆستای هونەر ((ڕۆژی هەینی بۆ ئێوارەکەی، نەخشین سالاری بەڕێ کرد٠ هەر لە هەنگاوی یەکەمدا جامە ئاوەکەی لە پاش هەڵڕشت٠ سالار لە پێچی کۆڵانەکە بزر بوو٠بەرلەوەی پێچ بداتەوە، دوو سێ جار ئاوڕی لە نەخشین دایەوە، کە بەدەستی چەپی نیگاری توند گرتبوو٠ بەچاو سلاوی بۆ نەخشین نارد و ماچێکیش بۆ نیگار))﴿١١، ١٩٨٩، ١٥٤﴾

وەك دەبینین، سالار وەکوکارەکتەرێکی چالاك بەردەوام دەبێت و لەگەڵ (تۆفیق) یشدا لە پەیوەندی یەکی بەردەوام دا دەبن، تا دواجار بەهۆی کاری سیاسیەوە دەبێت بەپێشمەرگە ((لەم ڕۆژانەدا سێ کەس لە کۆشی خێزانەکانیان دوورکەوتبوونەوە ٠٠ سالاریش وەکو تنۆکێك ئاو هەڵچوو٠ ئەوەش لە نەخشین پرسیاری بکردبایە دەیگوت(نەقڵی ئەو خوارە بووە)٠٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٢١٥﴾

٠سالار) لە میانی پێشمەرگایەتییەکەیدا، بە نیازە سەردانێکی ماڵ و منداڵەکەی بکات و نامەیەکی (تۆفیق) ی هاوڕێیشی پێیە، کە بیگەیەنێتە دەست ماڵ و منداڵەکەی،((کاك تۆفیق لەنامەکە بەولاوە، ئەمرێکی ترت نییە؟ زاڵم ئەمر نەکات٠ گەڕانەوەی بێوەیی تۆ لەسەرووی گشتەوەیە٠ سەرچاوان ٠ کەواتە نەوەك نەتانبیم، خوائاگارتان بێ٠٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٢٦٨﴾،بەلام مخابن وادەردەکەوێت لەکاتی گەڕانەوەیدا لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە گیرابێت، بۆیە چارەنووسی بەنادیاری دەمێنێتەوە٠

**٢٠ کارەکتەری لاوەکی**

شایانی باسە،وێڕای دەنگی گێڕەرەوە و کارەکتەرە سەرەکییەکانی دیکەی نێو ڕۆمانەکە، چەندین دەنگ و کارەکتەری دیکە دەبینرێن، کە هەریەکەیان کەم ، تازۆر شان بەشانی کارەکتەرە سەرەکییەکان بەشێوەیەکی لاوەکی ئەرك و ڕۆڵیان هەیە لە برەودان و بەرەوپێش بردنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا و پاڵپشتێکی گەورەن بۆیان، بەلام ئەوەی هەیە، ئەوانە بەشداری کارایان نییە لە پرۆسەی گێڕانەوەکاندا، نەك هەرئەوەندە، بەڵکو هەندێکجاریش ئەم کارەکتەرانە گوزارشت لە کەسایەتی ڕۆمانووس دەکەن٠ لەو کارەکتەرانەش،وەکو:(نەوزاد،حەمەسوور،ئەوڕەحمانی نفووس،نەخشین، سیامەند،دلێر،سەی جەلال، نورەکەچەڵ،نێرگزی ناتر ،حەبیبەی ژنی عەلەحەمامچی، شیرینی خوشکی دلێر، سۆفی محێدین ،مەلاتەها،٠٠٠تد)٠

لەنێو ئەو کارەکتەرانەشدا، هەندێکیان چالاکن و توانای گەشەکردنیان هەیە و پەرەدەستێنن، لەوانەش وەکو: (نەوزاد،دلێر،نەخشین)،بەلام ئەوانی تریشیان بەپێچەوانەوە لەشوێنی خۆیاندا هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت و جێگیرن٠ بۆنموونە(نەوزاد)،کە کوڕی (تۆفیق) ە، وەکو کارەکتەرێکی چالاك هەر لەمنداڵیەوە بەهۆی نەبوونی و کەم دەرامەتییەوە کاری پەنچەرچێتی دەکات، هەروەکو (تۆفیق) ی باوکی بۆمان دەگێڕێتەوە((٠٠نەوزادیشمان هەیە، کەبەو تولەکییەی خۆی بەهاوینان لای پەنچەرچی یەکی ئاشنام شاگردە))﴿١١، ١٩٨٩، ٣٦﴾،بەلام وادیارە، ئەو کاری پەنچەرچێتییەی ،تاسەرنابێت، بەڵکو لەگەڵ (دلێر) ی هاوڕێی خەریکی ئوتۆمبێل شۆردنیش دەبێت، بەلام ئەویش تاسەر نابێت((دلێر بە نەوزادی ووت لەکاتێکدا دەچوونە سەر ئیشەکەیان لە(کۆشکلی)٠ ئەگەر واز لە ترومبێل شۆرین بێنین، ئەوسا دەبێ تۆ ڕۆژنامە بفرۆشیتەوە و من لە کارێکی تر بگەڕێم))﴿١١، ١٩٨٩، ٢١٠﴾

دیارە، ئەو ئیشەش تا سەر نابێت، بۆیە(نەوزاد) بەناچاری لەگەڵ باوکیدا دەچێتە قوڕەکاری، هەروەکو دەڵێت:- ((لەگەڵ باوکما پاییزان دەچینە قوڕکاری))﴿١١، ١٩٨٩، ٢١٠﴾ هەروەها(دلێر) یش، کە هاوڕێی (نەوزاد) ە لەگەڵێك کاردا بەیەکەوەن، بەڵام ئەویش بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ خاوەن کاردا، گەلێکجار بە ناچاری جۆری کارەکەی گۆڕیوە هەر لە ئوتومبێل شۆردنەوە،کەلەگەڵ (نەوزاد) کردوویەتی ،هەتا کاری ڕۆژنامەفرۆشی وبەوهۆیەشەوە تووشی گیروگرفت بۆتەوە((خاوەن کارگەی حەڵواکە پاکەتێکی (گرێڤن)ی دەرهێنا، بەپەلە پیتکە، جگەرەیەکی لەپاکە تەکەوە قوت کردەوە! ئەمجا بەچەرخە(ڕۆنسن) ەکەی دایگیراند. دلێری مام فەتاح چاوی لەو بوو،کەئەو دەمە وەك پارچەیەك بێ لە دیوارەکە، هەناسەی لەخۆی بڕی . ئەو بەپەنجەی فیز داوای نزیك بوونەوەی دلێری کرد. دلێریش لە ترسانا باوەشە ڕۆژنامەکەی لێکەوت . کابرای خاوەند کارگە پەلاماری نەرمە گوێی دا و نینۆکی لێ توند کرد، دلێرهاواری گەیشتەسەرشەقامەکە. هەی سەگبابی خوێڕی،بۆ پا دەکەیتە ئەم کارگەیەی منەوە!؟))﴿١١، ١٩٨٩، ١٨٥﴾

هەروەها(نەخشین) ی کچی ئۆمەرە شانگێڕ و خۆشەویست و خێزانی (سالار) ی نەعە شەکەرچی، یەکێکی ترە لەو کارەکتەرە لاوەکییە چالاکانەی، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە گەشەسەندنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا((سێ ڕۆژ پاش بڕینەوەی داخوازی یەکە، دایکی نەخشین پێشتە ماڵی(قەستەم) ی سوور و چوارکیسە خەنە و چل قاڵب سابوون و پێنج دینار پارەی حەمامی ژنانی کرد، لەگەڵ دوو باتمان شەکرە توشە و چکلێت و ملەبەسی ڕەنگاو ڕەنگ.گشتیان بەزۆری بۆنارد و لەناوکیسەیەکدا سێ لیرە و زنجیرێك نیشانەکەی نەخشین. مەلا سەعدی مارەیانی بڕی و پێنج شەمووی سەری مانگ دانرا بۆ گوازتنەوەی بووك))﴿١١، ١٩٨٩، ١٠٨﴾

ئیدی بەو شێوەیە(نەخشین) ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ (سالار) دا پێك دەهێنێت و لەهەموو خۆشی و ناخۆشییە کانی ژیانیدا هاوبەش دەبێت لەگەڵیدا. هەندێجاریش وەك گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی هەندێ لە ڕووداوەکان بەشدار دەبێت((ئەوە بوو پاش ئەوە عەیشەی دایکی جوانە مەرگی دەرکرد، زۆری نەبرد، قاچاخێکی زۆریان لەسەرداوە کەیان باسقوون کرد!ئۆخەی، کەی بێ دەستی لەکونی هەمانەکەوە دەرچێت. ئەمەیە ئەنجامی تەڵەکەبازی و ئەوانەی کە یاری بە ڕزقی ئەم و ئەو دەکەن))﴿١١، ١٩٨٩، ١١٤﴾

تەنانەت لەوکاتەشدا، کە ئیدی (سالار) واز لە کاری مامۆستایەتی دەهێنێت و لەگەڵ (تۆفیق) دا دەبنە پێشمەرگە،(نەخشین) هەڵوێستی باشتر دەبێت و بەهیچ شێوەیەك ڕازی چوونە دەرەوەی (سالار) لای کەس باس ناکات((ئەوەش لە نەخشین پرسیاری بکردایە، دەیگوت : (نەقڵی ئەو خوارە بووە))﴿١١، ١٩٨٩، ٢١٥﴾ و لەگەڵ(نیگار) ی کچە بچکۆلەیدا لەماڵەوە کاری ڕۆژانە و جل دروون دەکات، چونکە((دەستی باڵای هەبوو لە دروومانی کراس و کەوا و سوخمەی کوردی)) دا﴿١١، ١٩٨٩، ٩٥﴾.

بەڵام کارەکتەرە لاوەکییەکانی دیکە، کەم دەردەکەون و تاڕادەیەکیش ڕۆڵیان جێگیرە و نەگۆڕن. بۆنموونە کارەکتەری وایان تێدایە تەنها لە یەك گرتەدا بوونی هەیە و هیچی تر، وەکو(ڕەعنا) ئەویش ڕۆڵی ناحەز دەبینێت ((ڕەعنا بەم چاوەی خۆم دیتوومە کە خونچەی ناتر، ڕۆژی جارێك و دووان پەلی ئەو ڕەشەیەی ڕاکێشاوە بۆ لای حەوزی گەرماوەکە بە بیانووی ئەوە گوایە ئاوی لێدەچێت ئەو درزەکەی بە قوڕە سوور دەگرێت !هەر لە قالوبەلاوە، دۆم ئەمە ئەتواریان بووە. ئەی شەمامەی خۆیشکی! پڕ باخەڵی مەمك بوو، ئەو تیتك بڕاوە، ئەم دەرگا بەو دەرگا گۆرانییی (هەی گۆ گۆ) ی دەووت . ئاخر زەمانە و ئا))﴿١١، ١٩٨٩، ١١﴾

یان وەکو (نارنج)، کەئەمیش بەهەمان شێوە لە دیمەنێکی کورتدا دەردەکەوێت و هیچی تر((نارنج تەماشای ئەم لاو ئەولای خۆی کرد و بە دەنگی نیزمەوە لاسایی (شەمامە) دۆمی کردەوە:

هەی گۆ گۆ گۆ گۆ

دێنم دوو لیمـــۆ

یەکێ بۆ دەســـتم

ئەوی تر بۆ تـــۆ))﴿١١، ١٩٨٩، ١١﴾

یان، وەکو (سەی جەلال)، کە ئەمیش تەنها لە (٢) گرتەدا دەردەکەوێت ، پێشتر قەبر هەڵکەن بووە و وازی لێ هێناوە، هەروەکو لەسەرزاری (نورەکەچەڵ)، کە کارەکتەرێکی لاوەکی دیکەیە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((نووره کەچەڵ بە پۆڵە تیقە و پاڕانەوە، جەلالە شێتی قەبرهەڵکەن و ئۆمەرەی شاگردی دابووە بەر بۆئەوەی گۆڕێك بۆ باوکی ئامادە بکات، نەخوازا لەپڕ بمرێ و ئەو جێیەی بە نەسیب نەبێ ، کە خۆی بە گەنی کردووە لەو ڕقەلآنییەی دەڕوانێتە کڵێسای کلدانییەکان و کانیاوەکەی بولآغ))﴿١١، ١٩٨٩، ١٤-١٥﴾

ئیدی لەپاشاندا (سەی جەلال) دەبێتە وردەواڵە فرۆش، هەروەکو گێڕەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە (( سەی جەلال شێتێکی دەم دەمی بوو، تەنیا بەهاران کە پاقلە گوڵی دەگرت ئەو دەشێواو وازی لە کارو کاسپی دەهێنا٠ قسەی حەلەق و بەلەقی دەکرد، کاتێکیش کە سەری سووك دەبوو نوقڵی دەفرۆشت))﴿١١، ١٩٨٩، ١٦﴾

هەروەها(حەمەشین) یش کارەکتەرێکی ترەو کاری قۆنتەرات چییە و تابڵیی پیاوێکی ڕەزیل و چرووکە و ڕۆژێك لەگەڵ (تۆفیق) ، کە بەکرێکاری لەلای دەبێت دەبێتە شەڕیان و (تۆفیق) لەکارەکەی دەردەکات،هەروەکو(تۆفیق) بۆمان دەگێڕێتەوە ((حەمە شینیش گشت کینە و تڵپی دڵی کۆکردەوە و هەر بە تۆپەڵی دای بە ڕووما٠ بۆ دەرەوە هەی هەیهەی ٠هەی کوڕی قالە نەوتفرۆش٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٥١-٥٢﴾

هەروەها (ئەوڕەحمانی کاتب نفوس) یش کارەکتەرێکی لاوەکی ترە و پیاوێکی نیشتمانپەروەرە و (تۆفیق) لەسەر دەستی ئەم دەبێتە کەسێکی شۆڕشگێڕ، تەنها ئەوەندە دەردەکەوێت، کە بە میوانی دەچێت بۆ ماڵی (باپیر) خاڵی (تۆفیق) و لەوێش لەگەڵ (تۆفیق) دا دەبنە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی، بەلآم مخابن بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانی و بیروبۆچوونە سیاسیەکانیەوە لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەگیرێت و کۆتایی بە ژیانی دێت، هەروەکو گێڕەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە ((بەخۆمم گوت : (ئاسمان خۆڵەمێشی یە!) بۆئێوارەکەی،گرتنی ئەوڕەحمان پەردەی گوێمی لەراندەوە٠))﴿١١، ١٩٨٩، ٦٠﴾

هەروەها (شێرە) ش ،کارەکتەرێکی لاوەکی ترە و هاوڕێیەکی نزیکی (سالار) ەو پاش ئەوەی لە زەما وەندی (سالار) دا بەشدار دەبێت ، بەلآم بەهۆی تەقەکردنی خۆشییەوە، ئیدی بە ئەنقەست بووبێت، یان هەروا بووبێت لە زەماوەندەکەدا گوللەیەکی بەردەکەوێت و دەکوژرێت ((هەرکەسەو پەلاماری دەمانچەکەی داو لە عاست خۆیەوە پەلە پیتکەی بزواند٠ وەك برێشکە تەقە بەبن گوێدا ویزەی دەهات، پیخەسوو پەلاماری پەڕۆی بووکێنییەکەی دا و فرتەی کرد بۆ ماڵی مام ئۆمەر، بەلآم کەسێك بەوەی نەزانی کە شێرە لەناکاو کەوت و گەوزایە خوێنی خۆیەوە!

- باوکە٠٠ ڕۆ ٠٠ ئەوە کێ پێکای؟

- خۆ واگیان دەدات!!

سالار وتی: با زوو بیبەینە بیمارخانە نەبادا ٠٠لەوەدابوون بێنە دەست،کە شێرە گیانی سپارد))﴿١١، ١٩٨٩، ١٠٩﴾

جگەلەو کارەکتەرە لاوەکییانـەی باسمـان کـردن، هەنـدێك کارەکتـەری لاوەکـی دیکـەش هـەن تـەنها لـەڕێی ئامـاژە کردن بە ناوەکانیانەوە لـە ڕۆمانـەکـەدا هـەن، وەکـو : (مـەلا سـەعد، مـەلا تـەها، سۆفی محێدین)،کـە زیـاتر وەکـو کەسایەتی ئـایینی بەرچاودەکەون، یـان هەنـدێکی تـری وەکـو: (نـازەی ژنـی حەمەسور، نێرگزی نـاتر، حەبیبـە ٠٠٠تد)، کە پێداویستی ڕووداوەکان هێناونیەتیە ئاراوە٠

## ئەنجام

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :

ـ ڕۆمانەکە، ڕۆمانێکی واقیعییە و شانۆی ڕووداوەکانیش شـاری (کـەرکوك) و دەوروبـەرێتی و ڕووداوەکانیشـی بـە هەردوو جۆری (سەرەکی) و (لاوەکی) یەوە لە نێو کۆمەڵگای کوردییەوە وەرگـیراون و مێژووەکـەیان دەگەڕێتـەوە بۆ ماوەی نێوان ساڵانی چلەکان و شەستەکانی سەدەی بیستەم ٠جگەلەوەش یەکێتی ڕووداویش تیایـدا پـارێزراوە و ڕۆماننووس هونەرمەندانە توانیویەتی سوود لە هەر دوو تەکنیکی دواخـراو و تێکچـڕژاو وەربگرێـت٠ بـەوەش خوێنەر بەخوێندنەوەی ڕۆمانەکە ئاوێتەی ڕووداوەکان دەبێت و هەست بە نامۆیی ناکات ٠

ـ کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوە دوو کاتی جیاوازن، یەکەمیان بۆ ناوەڕاستی ساڵانی چلەکان و سەرەتای شەستەکان دەگەڕێتەوە، دووەمیشیان بۆ کۆتایی ساڵانی هەشتاکان دەگەڕێتەوە ٠ واتە کاتی حیکایەتەکە زۆر پێش کاتی گێڕانەوەکە کەوتووە٠ جگەلەوەش کاتی حیکایەت، کاتێکی فیزیکی و مێژووییە٠

ـ بەکارهێنانی شوێنی واقیعی بۆ زۆربەی ڕووداوەکان٠ تەنانەت ئەو شوێنانەشی بۆ فەزای ڕووداوەکان هەڵبژاردووە ،کە زێدی لەدایکبوونی کارەکتەرەکانە و تێیدا ژیاون و کاریگەری لەسەریان هەیە٠ واتە شوێن پیرۆزی خۆی هەیە ٠

ـ بەهۆی هەر دوو ڕەگەزی کات و شوێنەوە،کەلە پاڵ یەکدان، یان دوا بەدوای یەك هاتوون، دەتوانرێت ڕەگەز و مانای بیری نەتەوەیی ڕۆمانەکە دیاری بکرێت، چونکە لە ڕۆمانەکەدا کات و شوێنی واقیعی تێدا بەرجەستەکراوە، ئەمەش بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی دەقەکە و چەمکی بیری نەتەوەیی ڕۆمانەکەیە٠

ـ (تۆفیق) ی قالە هەرزانی، ڕۆڵی گێڕەرەوە و کارەکتەری سەرەکی دەگێڕێت لە ڕۆمانەکەدا، تەنانەت گەلێکجاریش زۆربەی کار و کردەوە و ژیاننامەی کارەکتەرەکانی دیکەش دەگێڕێتەوە٠

ـ تەکنیکی فرە گێڕەرەوەی تێدایە٠ واتەشان بەشانی گێڕەرەوەی سەرەکی، کە تابەشی (١٠) ی ڕۆمانەکەیە، ئیدی لەبەشی (١٠) وە (خاتە) ی ژنیشی تاکۆتایی بەشی (١١) ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت ٠

ـ هەندێك لە کارەکتەرە سەرەکی و لاوەکییەکانی وەکو: (تۆفیق،سالار،نەوزادی کوڕی تۆفیق) وەکو خۆیان نامێننەوە و پەرەدەستێنن، بەڵام ئەوانەی دیکەش لە هەردوو کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی، وەکو: (خاتە ،ئایشە ،دلێر،حەمەسور، حەمەشین،نێرگزی ناتر،٠٠) وەکوخۆیان دەمێننەوە و گۆڕانیان بەسەردا نایەت ٠

## سەرچاوەکان

### کتێبە کوردییەکان


١- بوشرا کەسنەزانی،پلۆت لەچیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی،٢٠١٢

٢- پەروین عەبدوڵڵا، ڕەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨

٣- تانیا ئەسعەد محەمەدسالح، بینای شوێن لەدوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا(هێلانە،ئەژدیها) ،دەزگای سەردەم، سلێمانی،٢٠١١

٤- جەلال ئەنوەر سەعید،تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی(ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی کەمال،سلێمانی،٢٠٠٩
٥- حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، چاپخانەی(علاو)، بەغداد،١٩٨٥
٦- حەمە مەنتك، تەکنیکی فرە دەنگی لەڕۆمانی کوردیدا. کرمانجی خوارو و ٢٠٠٠- ٢٠١٠ ،چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣
٧- ڕێزان ڕەحمان خدر،تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی(عەبدوڵلا سەڕاج) دا،چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢
٨- ڕێزان عوسمان (خاڵە دێوە)،بنیاتی جۆرەکانی ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان(١٩٨٥ – ١٩٩٠)،لە بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠
٩- سەباح ئیسماعیل،چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٩ (نامیلکە)
١٠- سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی،بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی خانی، دهۆك،٢٠٠٩
١١- عەبدوڵلا سەڕاج، هەڵکشان بەرەو لوتکە، چاپخانەی (دارالحریە)، بەغداد، ١٩٨٩
١٢- میران جەلال محەمەد،بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا،چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠٠٩
١٣- نەجم خالید نەجمەدین ئەلوەنی،بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا(ژانی گەل ،شار ،ڕاز ) ،دەزگای سەردەم،سلێمانی،٢٠٠٤
١٤- نەجم خالید ئەلوەنی (د)،کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا،چاپخانەی موکریانی،هەولێر، ٢٠٠٩
١٥- نەجم ئەلوەنی،لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١
١٦- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی ، ٢٠١١

## کتێبە عەرەبییەکان

١٧- ابراهيم جنداري (د)، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد،٢٠٠١
١٨- حسن البحراوي ، بنية الشكل الروائي، المركز الثقافي الروائي، دارالبيضاء، بيروت، ١٩٩٠
١٩- سيزا قاسم، بناء الرواية(دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ)،ط١،دارالتنوير للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٥
٢٠- عدنان خالد عبدالله ،النقد التطبيقي التحليلي، ط١،دارالشؤون الثقافية العامة،بغداد،١٩٨٦
٢١- يمنى العيد، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، دار الفارابي، بيروت،لبنان،١٩٩٠

## نامە ئەکادیمییەکان

٢٢- دیار فایەق مەجید،بونیاتی وەسف لە ڕۆمانی (ڕێگا) ی محەمەد مەولود (مەم) دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٨

٢٣- شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، رسالة دكتورا،كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٧

**گۆڤارەکان**

٢٤- عەلی عوسمان یاقوب،ڕۆمان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیاوە، گ٠ گەلاوێژی نوێ،ژ(٥٤)٢٠١٢
٢٥- نەجم خالید نەجمەدین ئەڵوەنی(د)،بنیاتی جۆرەکانی وەسف لە ڕۆمانی (کاولاش) ی عەبدوڵڵا سەڕاج دا،گ٠ (الاستاذ) ژ(٦٠) ٢٠٠٦

## ملخص البحث

توصلت الدراسة الى نتائج عدة اهمها:

ـ ان الرواية، رواية واقعيية وتعتبر ميدان احداثها هي مدينة كركوك وضواحيها٠ والمكان في الرواية ليس مكانا معتادا كالذي نعيش فيه او نخترقه فيه يوميا، لكنه عنصر فاعل وجوهري في الرواية٠ فهو يتخذ اشكالا ويتضمن معاني عديدة، بل انه قد يكون في بعض الاحيان هو الهدف من وجود العمل كله٠ من جهة اخرى احداث الرواية التي تقع ضمن حدود البحث بنوعيها الرئيسي والثانوي مستمدة من واقع المجتمع الكردي في فترة الاربعينات والستينات من القرن العشرين٠

- ان زمن الحكاية وزمن السر وقتان مختلفان تماما. الاولى يعود الى اواسط السنوات الاربعينات وبداية الستينات كما اشرنا انفا، والثاني يعود الى اواخر الثمانينات . بمعنى الاخر زمن الحكاية يعود الى فترة اطول من زمن السرد، وفي نفس الوقت ،يساعد القراء حينما يقرا الرواية بان لايشعر بالغربة.
- تم سرد الرواية بنسق القليدي متسلل من قبل الروائي يلعب دور بارز احدى شخصياتها. او نستطيع ان نقول اغلب الشخصيات هذه الرواية يمثلون صوت الروائي ويعبرون عن ارائهم دون ان يكون لهم راي مستقل، اما في بعض الوقت نجد فيها ان بعض الشخصيات اخرى الى جانب كونها روائي الحدث تستطيع التعبير عن رايهم ايضا و وحدة الدث في الرواية تمت محافظة عليها .
- استخدام المكان الحقيقي في كثير الاحداث للرواية والمكان يكتسب اهمية كبيرة، لانه احد عناصرها الفنية والذي تجري فيه الاحداث وتتحرك خلاله الشخصيات فحسب ويتحول في بعض الاعمال المتميزة الى فضاء يحتوي كل العناصر اروائية ايضا، بما فيها الاحداث والشخصيات.
- اكثر الضمائر المستخدم للسرد في الرواية هو (انا) و(نحن) لاولى المتكلمين، اما احيانا تستخدم الضمير (هو) لشخص الثالث الغائب، والصوت الراوي هو صوت الروائي (كاتب الرواية)،مع هذا وجود اختلاف الضمائر المستخدمة في السرد، اصبحت الرواية متعددة الاصوات ويمكن استشعار اصوات مختلفة فيها.
- تنقسم الشخصيات من حيث ادوارهم الى شخصيات رئيسية واخرى ثانوية، ومن حيث التكوين الى شخصيات متطويرة واخرى ساكنة لايؤثر الاحداث فيها ولايصار الى تغيرها من حيث الفكر والبناء النفسي والدور الاجتماعي.


## Abstract

Finally,our analysis has thoroughly shown,in graphic ,the most significant consequence of the subject matter. In this analysis ,we have concluded some great consequences ,most of which are:

-In fact the novel is a realism novel on the theater of the incidents is KIRKUK city. Place in novel is not afamiliar place like the one we live in, or rush into every day. It is rather an effective and essential element of novel. The incident of the novel with both types (major&minor) are derived from the realism of the society in the ٤٠th and ٦٠th of the ٢٠th century. The time of the story is very befor the narration story .

-In regard to narrating scheme, the majority of the novels were narrated traditionally by the narrators and the narrators play the role of the characters in some novels. In the novel, we see the character is forbidden to have his own voice or idea in fact, his voise is vanished in the narrators voices. We notice some of the character is not only allowed to participate in narrating the events, but the also takes part in dealing with his own views .

-Place is of great importance in novel not only because it is one of its artistic elements or because it is the place in wich the events occur and the characters act, but also because it becomes in some distinct works a space that contains all novel elements including the events and characters and the relation between them .

-Pronouns which used for narration are (I) and (WE) in some time ,but some tim anther is (HE) in narration . the sound of the story teller which is the voice of the narrative , and because of different kinds of narration pronoun the novel has become a monodie novel and several different voices are felt .

-In the novel ,the unity of the event was kept.

-The character is one of the major elements of the novel whithout which no novel can be written .All the events of any novel depend on the life style and actions of the character. The setting and the plot of the novel are provided in order to perform social and psychological status ,mental and cultural level, success and failure of the character .